Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بنەمای پەروەردەیی لە گۆڤاری هەنگ (٢٠٠٨-٢٠١٠) دا

**شیاو رەشید ابوبکر**

**سیستەمی زانیارییەکانی کارگێڕیی، پەیمانگای تەکنیکی کارگێڕیی هەولێر**

**زانکۆی پۆلیی تەکنیکیی هەولێر، هەولێر، کوردستان/عیراق**

sheyaw. abubaker@epu. edu. iq

## پوختە:

پەروەردە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی ژیانیی مرۆڤ، کە ئەبێتە بەردی بناغەی دروستکردنی کەسایەتیی. لە جیهانیی ئەمڕۆ دا گەورەترین کێشە پرۆسەی پەروەردەییە، یان راستتر بڵێم چۆنیەتی پێگەیاندن و فێر کردنی نەوەکانە بە تایبەتی بۆ، ئەو نەتەوانەیی کە پشکیان لە بەرهەم هێنانی تەکنەلۆجیی دا نییە، چونکە وەکوو ئەزانین لەو جیهانگیرییەی کە هەیە بە تێپەڕ بوونی کات، سیما نەتەوەییەکانیان بەرەو لە ناو چوون ئەچێت لە رووی کلتوور و زمان و ئەدەب و بۆنە تایبەتییەکانیان و جۆری ژیان و گوزەرانییان.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیەش ئاماژەدانە بەو بنەما پەروەردەییانەی کە، گۆڤاریی هەنگ لە ماوەی سێ ساڵیی تەمەنیی دا (٢٠٠٨-٢٠١٠) لە خۆیی گرتووە بە، پشت بەستن بە رێبازیی تیۆریی شیکاریی، توێژینەوەکەم دابەشیی سێ بەش کردووە: لە بەشیی یەکەم باسی پەروەردە بە شێوەیەکی تیۆریی کراوە و، بەشیی دووەم کە لایەنیی پراکتیکییە، تیایدا باسی پەروەردەیی زمان لە گۆڤاریی هەنگ و، ئەو خوو رەوشتانەی کە منداڵ پێویستە فێریی ببێ باس کراوە. لە بەشیی سێیەم دا کە ئەمیش پراکتیکییە باسیی بابەتە پەروەردەییە کلتووریی و زانیارییە گشتییەکان کراوە کە گۆڤاریی هەنگ پێشکەشیی منداڵیی کردووە. لە ئەنجامیی شیکردنەوەی گۆڤارەکە دا ئەتوانم بڵێم کە، ئەم گۆڤارە لە کات و سەردەمیی بڵاو کردنەوەی خۆیی دا توانیویەتی، کۆمەڵێک کاریی ناوازەیی ئەدەبیی و هونەریی و پەروەردەیی پێشکەش بە منداڵیی کورد بکات بە هەموو توێژە جیاوازەکانەوە، لە لایەکی ترەوە رەچاوی زمان و فەرهەنگیی مێشکیی منداڵیی تیادا کراوە بۆ ئەوەی بتوانێت مەودایەکیی هزریی و پەروەردەیی باش درووست بکات. بۆیە پێویستە دەستگا پەروەردەییەکان پشتیی پێ ببەستن و سوودیی لێ وەربگرن لە پەروەردە کردنیی منداڵ دا .

**کلیلە وشەکان: بنەمای پەروەردەیی، گۆڤاری هەنگ، پەروەردەی رەوشتیی، پەروەردەی زمان، پەروەردەی کلتووریی، زانیاری گشتیی.**

Recieved: 4/8/2024
Accepted: 3/9/2024

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

وەکوو ئەزانین پەروەردە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە رۆڵێکی گرنگ ئەبینێت لە دروستکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکان و، بونیاتنانی خێزان و، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو. ئەم پرۆسەیەش لە قۆناغە سەرەتاییەکانی هاتنە دونیاوە دەست پێ ئەکات و، بەردەوام ئەبێت تاوەکوو کۆتایی ژیان، بۆیە بە پێیی تەمەن و، شارەزایی و، جۆریی ژینگە و، جۆریی خوێندن و، جۆریی کار و، پیشەی مرۆڤەکان گۆڕانیی بەسەر دا دێت، ئەمەشە وا ئەکات کە پەروەردە زۆر لایەنی جۆرا و جۆری جیاواز بگرێتە خۆیی.

گومانیش لەوە دا نییە وەکوو زانایانی، دەروونزانیی ئەڵێن کە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەن ناسکترین و، پڕ بەهاترین قۆناغەکانی پەروەردەیی مرۆڤن، کە سەرەتایی فێربوون و، گەشەی مێشک و تێگەیشتنە لە ژیان (گاربەر، ٢٠٢٠، ١٩) بۆیە لە هەموو کۆمەڵگایەک دا زۆر گرنگیی بەم قۆناغە هەستیارەیی تەمەن ئەدەن، تاوەکوو بتوانن کۆمەڵگایەکی ساغ و تەندرووست بونیات بنێن. لە بەر فراوانیی بوارەکانی پەروەردە و پێگەیاندن کە چەندان ساڵ و، هەوڵی جیاواز و رێگای هەمە چەشنە ئەگرێتەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامیی داوا کراو، حوکومەت بە هەموو دام و دەستگاکانییەوە لە خزمەت ئەم پرۆسەیە دا ئەبێت.

لەم توێژینەوەش دا تیشک ئەخرێتە سەر لایەنێک لەم لایەنانەی پەروەردەیی نەوەکان کە گۆڤاریی مناڵە کە، گرنگییەکی زۆر بێ پایانی هەیە لە دروستکردنی کەسایەتیی مرۆڤەکان دا بە تایبەتیی لەم جیهانگیرییەی کە ئەمڕۆ لە هەموو دونیا دا بەرچاو ئەکەوێت کە، زۆربەی کات مناڵەکان ئەکەونە ژێر بارییەوە بە هۆی کەم شارەزاییانەوە لە ژیان دا و، زۆری سەرچاوەی بیانیی و تەکنەلۆجیا جۆرا و جۆرەکانەوە کە، کێشەی ناسینی نەتەوەیی خۆیان و، زمان و، کلتوور و، ئەدەب هتد.. هەیە. بۆ ئەم مەبەستە یەکێک لە گۆڤارەکانی مناڵم کردووە بە کەرەستەی لێکۆڵینەوە کە، ئەویش گۆڤاریی (هەنگ)ە کە لە ساڵی (١٩٩٢) ەوە دەرچووە تاوەکوو (٢٠١٠)، پاشانیش لە ساڵی (٢٠٢٣) ەوە دەستی کردەوە بە دەرچوون تاوەکوو کاتیی ئێستا.

سنووریی توێژینەوەکە: لێرە دا گۆڤارەیی (هەنگ)م وەرگرتووە (٢٠٠٨-٢٠١٠) کە لە ساڵی(١٩٩٣) ەوە لە هەولێر لە لایەن وەزارەتیی رۆشنبیرییەوە دەرئەچێت. تاوەکوو ئازاری (٢٠١١) ەوە، پاشان بۆ ماوەی(١٣) ساڵ ئەوەستێت بە هۆکارێکی نادیار لە ساڵی (٢٠٢٣) وەزارەتیی رۆشنبیریی دەست ئەکاتەوە بە دەرکردنی. لەم سێ ساڵەی دەرچوونی دا بەرهەمەکەی (٣٥) ژمارەییە کە لە ژمارە (١٣٧) دەست پێ ئەکات، تاوەکوو ژمارە (١٧١)ی کانوونی یەکەم، هەر ژمارەیەکیش (٢٨-٣٠) لاپەڕەیە.

رێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیە دا رێبازی تیۆریی شیکاریی ناوەڕۆک بەکارهاتووە بۆ دیاریی کردنی بنەما پەروەردەییەکان لەم گۆڤارە دا.

### گرنگیی توێژینەوەکە: گرنگیی ئەو توێژینەوەیە لەوە دایە کە:

١-باسی ئەو بنەما پەوەردەییە پێویستانە ئەکات لە گەشەیی مناڵ دا بە شێوەی تیۆریی، هەروەها گرنگیی و ئامانجیی گشتیی پەروەردە لە بونیاتنانی نەوەکان دا.

٢- پاشان گرنگیی ناوەڕۆکی ئەم گۆڤارە کە لەو سەردەمە دەرچووە بۆ مناڵ بە هۆی، ئەو بابەتە هەمە رەنگ و جۆرا و جۆرانەی کە لە خۆی گرتوون، سوودێکی رۆشنبیریی و رەووشتیی بۆ هەموو تەمەنەکان هەیە.

٣- گرنگیی و لە بەرچاو گرتنی ئەو هەموو بەرهەمە ئەدەبییە بە پێزەی کە ئەم گۆڤارە پێشکەشیی کردووە، وەکوو کەرەستەیەکی پەروەردەیی بەهێز .

## کێشەیی توێژینەوەکە: کێشەیی سەرەکیی توێژینەوەکە:

١- پشت گوێ خستنی ئەو جۆرە گۆڤارە کوردییانە لە پرۆسەی پەروەردە و پشت بەستن بە سەرچاوەی بیانیی کە بە زمانیی بیانیی نووسراون .

٢-هەروا بۆ بەر دەست خستنی ژمارەکانی، زۆر بە زەحمەت توانیم هەموویی پەیدا بکەم لە کاتێک دا، پێویست بوو لە زۆرێک لە کتێبخانەکان و دەستگا پەروەردەییەکان بەردەست بێت و سوودی لێ ببینرێت لە پێگەیاندنی نەوەکان دا .

## پرسیاریی توێژینەوەکە:

١- ئایا گۆڤاریی هەنگ تا چەند رەچاوی بنەمای پەروەردەیی کردووە لەم سێ ساڵەی تەمەنیی دا؟

٢- ئەو تەمەنانە کامەن کە سوودی لێ ئەبینن؟

٣-رەچاوی ئارەزووە جیاوازەکان و، بنەما و، جۆریی بیرکردنەوەی منالیی تیادا کراوە بە شێوەیەکی زانستیی و پەروەردەیی؟

# بەشی یەکەم

## ١-١-چەمکیی پەروەردە:

جوانیی و گەورەیی مرۆڤ لە پەروەردە و هەڵس و کەوتی رەنگ ئەداتەوە، ئەگەر باسی چەمک و بنەڕەتی پەروەردەش بکەین، ئەوا مێژووییەکی درێژ و قووڵی هەیە بە قەد مێژوویی مرۆڤایەتیی، بۆیە زۆر لە توێژەران و شارەزایان بە شێوەی جیا جیا و لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لێکدانەوەیان بۆ کردووە و باسیان کردووە، ئەتوانین بڵێین پەروەردە لە زمان دا بە مانای ( بەخێو کردن یان پێگەیاندن یان گەشە پێدان. ) (قادر، ٢٠٢٠، ١٧) دێت، یان بریتییە لە ( کردار یێک لە کۆمەڵێک رەفتار و کاریگەرییە جیاوازەکان پێک دێت کە گەشەی تاک ئامانجیەتیی کە، هەموو لایەنەکانی کەسایەتیی بەرەو بێ خەوشیی(کەمال) ئەبات لە ئەرکەکانی دا لە رێگای خۆ گوونجاندنی لە گەڵ ژینگەکەی و، ئەو ئەرکانەی لە شێوەکانی هەڵس و کەوت و، تواناکانی دا پێویستە. ) (الجهوية، ٢٠٠٩، ٤٨-٤٩) ئەبێت ئەوەش بڵێین کە، پەروەردە بە پێیی کۆمەڵگا و ئەو ژینگەیەی کە مرۆڤ تیای دا گەورە ئەبێت ئەگۆڕێت و، یەکێکە لە پێویستییە بنەڕەتییەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندرووست بونیات بنرێت.

ئەگەر بە مێژوو دا بچینەوە و سەیرێکی پێناسەکانی پەروەردە بکەین لە کۆن دا، ئەبینین کە بە زۆر شێوەی جیا جیا ناسێنراوە، هەموو پێناسەکانیش جەخت لە سەر ئەوە ئەکەنەوە کە، مرۆڤ بوون واتا پەروەردەی باش بە نموونە ئەفلاتوون لەو بارەییەوە ئەڵێت: ( پرۆسەی پەروەردە کردن، واتا زیاد کردنی جوانیی بۆ لاشە و دەروونیی مرۆڤەکان و گەیشتن بە ئاستی کامڵ بوون ) (فەتاح، ٢٠١٨، ١٣) هەر لەم بارەییەوە -بیرت بوردبۆ- ئەڵێت: (پەروەردە کردن واتە ژیان، لە بەر ئەوەشە پرۆسەی پەروەردە کردن، واتە خۆ گوونجاندن لە

گەڵ تاک و ئەو ژینگەیەی تیای دا ئەژی. ) (فەتاح، ٢٠١٨، ١٤) لەم پێناسینانەوە سەیریی پەروەردە و گرنگیی و رۆڵی ئەکرێت لە کۆمەڵگا دا، گومانیش لەوە دا نییە کە ئاستیی پەروەردەیی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا پەیوەندیی راستەوخۆیی بە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە.

لە پرۆسەیی پەروەردەیی هاوچەرخ و نوێش دا بە هەمان شێوە سەیر ئەکەین کە، پێناسەی جۆرا و جۆری بۆ کراوە و ، لە هەمووشیان دا جەخت لەوە ئەکەنەوە کە مرۆڤ تاوەکوو لە ژیان دا بێت، پێویستی بە پەروەردە کردن و فێربوون هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت لە گەڵ ژینگەکەی و دەوروبەرەکەی بگوونجێت کە ( پەروەردە ئامراز و هۆکەرێکە بۆ فێرکردن و وەرگرتنی شارەزایی کۆمەڵایەتیی بە هەموو لایەنەکانییەوە و پارێزگاریی لێکردن و گێڕانەوەی کاتێکی گوونجاو لە داهاتوو دا. ) (عمر، ٢٠١٩، ٣٦) لە ناساندنی پەروەردە دا -جۆن دیویی- ئەڵێت: ( پەروەردە ئامادە کردن بۆ ژیان نییە، بەڵکوو پەروەردە ژیانە. پەروەردە فێر کردنە، پێویستە بژین و لە رێگای ژیان فێر بین) (قادر، ٢٠٢٠، ١٩) بەو واتایەی کە ئەم پرۆسەیە بەردەوامە لە گەڵ مرۆڤ دا ئەڕوات تاوەکوو کۆتایی ژیان. بە شێوەیەکی گشتیی پەروەردە ئەبێتە بناغەیەکی بەهێز بۆ هۆشیاریی و ئاستی زانیاریی تاک، لە هەمان کات دا ئاراستە کردنی نەوە یەک بە دوای یەکەکانی کۆمەڵگایە بەرەو قۆناغێکی بەرزیی رۆشنبیریی و پاراستنی رەچەڵەکی نەتەوەییە بە پشت بەستن بەو پەروەردەیەی لە باپیرانەوە ماوەتەوە بۆیە، ئەتوانین بڵێین کە پەروەردە بنەمایەکی گرنگیی گەشە کردن و فێر بوونی عەقڵیی و ئەخلاقیی تاکە لە چوار چێوەی کۆمەڵگاکەی دا.

١-٢-بنەماکانی پەروەردە:

لێرە دا بە گرنگیی ئەزانم کە ئاماژە بەو بنەما پەروەردەییانە بدەم کە مرۆڤ لە ژیانیی دا پێویستی پێیەتی و لە رێگایەوە گشتێکی تەواو یان کامڵ دەرئەچێت، نەبوونی یەکێکیان کاریگەری لە سەر هەڵس و کەوت و رەفتاری مرۆڤانەی درووست ئەکات بۆ ئەم مەبەستەش، بنەماکان بە شێوەیەکی گشتیی دابەش کراوە بە سەر سێ بەش وەکوو (مصطفی محمد) شارەزای دەروونناسیی ئاماژەی پێداوە کە ئەوانیش بریتینە لە :

١- پەروەردەی جەستەیی یا بەدەنیی: هەڵکەوتی جەستەیی و درووستیی گەشە کردنی لە سەرەتای ژیانەوە بە بەشێکی گرنگیی پەروەردە دائەنرێت چونکە (جەستە بریتییە لەو ئامرازەی کە لە رێگاییەوە مرۆڤ خودی خۆی و کارەکانی وەرئەگێڕێت بۆ دەوروبەرەکەی . . . . لە بەر ئەو هۆکارەشە گوتراوە کە مێشکی ساغ لە جەستەی ساغ دایە) (الطحان، ٢٠٠٦، ٤٣-٤٤) لێرەش دا کە ئەگووترێت جەستە تەنیا مەبەست هێزی بازوو نییە، بەڵکو مەبەست ( ئەو هێزە زیندووەییە کە لە بەدەنەوە دەرئەچێت و، خۆی لە هەستە دەروونییەکان و هێزە پاڵنەرە زگماکییەکان لە هەڵچوون و ململانێییەکان ئەگرێتەوە. )(الطحان، ٢٠٠٦، ٤٢) زۆر گرنگە کە بتوانرێت بە شێوەیەکی درووست رێنوێنی و پەروەردەیی تەواو بکرێت.

٢- پەروەردەی رۆحیی یا گیان: ئەگەر هێزی جەستەیی و عەقڵیی سنوورێکی دیاریی کراوی هەبێت ئەوا، هێزی رۆحیی سنووریی شوێن و کات نازانێت، واتا سنوورێکی بێ کۆتاییە، ( بە تەنها ئەو ئەتوانێت پەیوەندییەک درووست بکات، کە نە هەست و نە عەقڵ پێیان درووست ناکرێت. . . بۆیە زۆر ئاساییە کە پەروەردەی ڕۆحیی کاریگەرییەکی زۆر گرنگ درووست ئەکات لە سەر بوونیاتنانی کەسایەتیی بێ خەوشیی کامڵ. )(الطحان، ٢٠٠٦، ٤٧) هەر بۆیەشە پێویستە کە گرنگیی بدرێت بەو هەستە مرۆڤانەییەی کەوا ئەکات ئارەزووی ژیان و پەیوەندی

نێوان بوونەکانی تر درووست بکات. ئەمەش خۆی لەو داب و نەریتانەی کۆمەڵگا و ئایین دا ئەبینێتەوە.
٣-پەروەردەیی عەقڵیی یا بیریی: ئەو بەشەی مرۆڤە کە زۆرینەی کارەکانی پێ رائەپەرێنێت و ( ئەو هێزە هەست پێکراوەیە لە مرۆڤ دا کە، خوای گەورە داویەتیە مرۆڤ بۆ ئەوەی بەرپرسیار بێت لە کارەکانی دا بۆ ئەوەی، توانای هەست کردن و لێک جیا کردنەوەی هەبێت لە نێوان راست و هەڵە و شەڕ و خێر و باشە و خراپە دا ) (الطحان، ٢٠٠٦، ٤٩) پەروەردە کردنی ئەو بەشەی مرۆڤ پێویستییەکی پێشینەیە، چونکە مرۆڤ لەو رۆژەی لە دایک ئەبێت، وەکوو پەڕەی سپی وایە و چۆنت تێنووس کرد ئاوا دەرئەچێت، گۆڕینی زۆر گران و قووڕس ئەبێت بۆیە لە، پرۆسەی پەروەردە دا گرنگییەکی یەکجار زۆر بە تەمەنەکانی سەرەتایی بوون ئەدرێت.

١-٣-پەروەردە و قۆناغەکانی گەشە کردن:

کاتێک باسی بنەما پەروەردەییەکان ئەکەین، ئەبێت لەو خاڵە دا بوەستین کە هەر تەمەنێک و پێویستییەکی تایبەتیی خۆیی هەیە کە لە گەڵ رادەی تێگەیشتن و، توانا عەقڵیی و، جەستەییەکانی دا ئەگوونجێت، وەکوو بناغەی باڵەخانەیەک وایە کە پێ بە پێ هەنگاو ئەنێت بۆ بە سەر کەوتن و بونیاتنانی لە پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی، سەیر ئەکەین کە نزیکەی (١٨)ساڵ ئەخایەنێت بۆ ئەوەی نەوەیەک پێبگەیەنن .
لێرە دا هەوڵ ئەدەم ئاماژە بەو تەمەنانەی گەشەی مناڵ بدەم کە ناوەڕۆکی ئەو گۆڤارە لە گەڵیان ئەگوونجێت وەکوو یارمەتیدەرێکی زۆرباشیی پەروەردەیی ئەبێت لە ناوەندەکانی پەروەردە و ماڵەوە. قۆناغەکانیش بە پێی بنەما پەروەردەییەکان ئەمانەی خوارەوەنە :
١- مناڵ لە تەمەنیی یەک ساڵ و نیو تاوەکوو سێ ساڵان: سەرەتای فێر بوونە (لەم تەمەنە دا حەز ئەکات هەموو نهێنیی و گۆڕانکارییەکانی چوار دەوری بزانێت و تامەزرۆی تاقیکردنەوەی دیاردەکانی چوار دەوریەتی ) (قەرەچەتانی، ٢٠١١، ٥٤) لەو تەمەنەش دا مناڵ فێری قسە کردن ئەبێت لە رێگای لاسایی کردنەوەی دەور و بەرەکەی، بۆیە ئەو شتانەی کە کورت و سادەنە زوو وەریان ئەگرێت و دووپاتیان ئەکاتەوە. هەروەها حەز بە چیرۆکی ئاژەڵان ئەکات ( بۆ ئاژەڵ! بە کورتی لە بەر ئەوەی ئاژەڵ جیهانێکی سەیر و سەمەرەیی هەیە، هیچشی لە مرۆڤ کەمتر نییە !. . . خۆشەویستیی هەر ئاژەڵێکیش لای مناڵ بە گوێرەی چەشەی مناڵ ئەگۆڕێت بە تایبەتیی لە رووی قەبارە و، سوودمەندیی و، زیانداریی و، کۆمەڵێ شتی تر کە، پەیوەندی بە دەروونیی مناڵەوە هەیە. )(احمد، ٢٠٠٨، ٥٦-٦٧) لەو تەمەنەوە مناڵ ئارەزوویی حیکایەت و سەربووردە جیاوازەکانی گیانداران ئەکەن و زۆر بە سانایی ئەتوانرێت رێنوێنی بکرێت بۆ ئەو شتەی کە پێویستە بیزانێت کە ( بە گوێرەی هەقایەتەکە رێگای راستی پێشان ئەدەن، ئەمەش خۆی لە خۆی دا لایەنێکی پەروەردە کردنە، زۆربەی جاریش پاش تەواو بوونی چیرۆکەکە مناڵ دەست بە پرسیار ئەکەن. )(احمد، ٢٠٠٨، ٦٥) نموونەی ئەو جۆرە بابەتانە زۆرە لە ژمارەکانی گۆڤاریی هەنگ دا کە زۆر سادە و سانایە بۆ ئەم تەمەنە گونجاوە و بە وێنەی رەنگا و رەنگیی سەرنج راکێشەوە.
٢-مناڵ لە تەمەنیی (٣-٦) ساڵیی : لەم قۆناغەی تەمەنیی دا ئاستیی تێگەیشتن و وەرگرتنی وردە وردە بەهێز ئەبێت و لەو تەمەنە دا حەز ئەکات کە ( بە خودی خۆی ئەزموونی جیهان و کەسەکان بکات، کاریگەر ئەبێت بە شتەکانی دەوروبەری، واتا هەوڵی چالاکیی جۆرا و جۆر ئەدات و پێشنیاری کار و چارەسەر ئەکات، پشت بە کەسانی تر ئەبەستێت ) (گاربەر، ٢٠٢٠، ٤٩٦) ئەم قۆناغە گەلێک گرنگە لە گەشەی مناڵ کە، قۆناغی

باخچەی منداڵ و، ئامادە کردنیانە بۆ سەرەتا پلیکانەکانی پەروەردە و فێر کردن، واتا ( ئەگەر دایک و باوک بە سەرکەوتووانە چاودێرییان کردبێت، ئەوا ئەم منداڵە بە ئازادی رەفتار ئەکات، لەم تەمەنە دا منداڵ توانای داهێنانی ئەبێت )(قادر، ٢٠٢٠، ٩٤) بە هەمان شێوە وەکوو قۆناغی پێشوو حەز بە چیرۆکی گیانداران ئەکات، بەڵام بە پێی قەبارەی خۆی جۆریی ئارەزووەکانی ئەگۆڕێت و حەز بەوە ئەکات گیاندارێک بێت رەنگدانەوەی ئەو بێت لە بزاوتن و ئازایەتیی و... هتد، بێ گومان هەر منداڵێکیش کەسایەتیی خۆی لەو تەمەنە درووست ئەکات.

٣- قۆناغی سێیەم منداڵیی تەمەنیی (٦-١٢) ساڵیی ئەگرێتەوە: لەم قۆناغە دا منداڵ تواناییی جەستەیی و عەقڵیی بەردەوام لە گەشە دایە و لەو پەڕی چالاکی و گەشە دا ئەبێت بۆیە ( کارامەیی و تواناییی منداڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکیی جۆرا و جۆر بەردەوام گەشە ئەکات و، بەشداریی چالاکییەکان ئەکات، بەو پێیە ئەبێت بە کەسێکیی بەرهەم هێن بە واتایەکی تر، ئەگەر منداڵ لە خوێندن و چالاکییەکانی ژیانیی رۆژانەی لە گەڵ هاوڕێکانی سەرکەوتوو بوو، ئەوە زیاتر هەست بە توانا و داهێنان ئەکات )(قەرەچەتانی، ٢٠١١، ٥٦) زۆربەی ئەو بابەتانەی کە ئەو تەمەنە حەزیی پێ ئەکات زیاتر جەربەزیەتیی و چاو نەترسییە لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی کێشەکانی، فێر بوون لە هەڵەکانی ژیان.

ئەگەر بابەتەکانی گۆڤاریی هەنگ وەربگرین، زۆر بە جوانیی و ئاشکرا بنەما پەروەردەییەکانی بۆ ئەم سێ قۆناغەی تەمەنیی منداڵ بەرچاو گرتووە و یارمەتیدەرێکی زۆرباشە بۆ دایک و باوکان و خێزان لە لایەک و، باخچەیی ساوایان و قوتابخانەکان لە لایەکی تر دا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تەندرووست منداڵ گەشە بکەن، پێکهاتەیەکە لە نێوان ئامۆژگاریی و رێنماییی پەروەردەیی و چالاکیی جۆرا و جۆری منداڵە کە حەز و ئارەزووەکانی منداڵ و هەستەکانی تێر ئەکات، ئەوانەش لە بەشی پراکتیزەکان دا نیشانی ئەدەین و ئاماژەیان پێ ئەکەم.

١-٤-پەروەردە و فێر کردن:

پەیوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان پەروەردە و فێر کردن و فێربوون دا هەیە، واتە تەواوکەریی یەکترن بێگومان ئەم دووانەی کۆتاییش جیاوازیان هەیە، چونکە (فێر کردن ئەوەیە کە لە لایەن کەسێکیی تر زانیاریی و زانستەکان وەرگریت، بەڵام فێر بوون لە تەمەنیی منداڵیی زیاتر توانا و کارامەیی و زانیاریی و شارەزاییەکان ئەگرێتەوە. )(جەباری، ٢٠١٦، ٧٨) لێرە دا ئەوەی مەبەستە بگووترێت کە منداڵ وەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دا بە پێی قۆناغەکانی تەمەن بەردەوام لە پرۆسەی فێر بوون و فێر کردن دانە بۆیە، پێویستە ئەو بابەتانەی کە ئەخرێتە بەر دەستیانەوە بە وریایی و لێزانانە بێت، تاوەکوو پەروەردەیەکی راست و درووست وەربگرن، لێرە دا فێر بوون بە گوێرەی ئامانجە پەروەردەییەکان وەرئەگرم کە مەبەستمە لە لایەنی پراکتیکیی روونیی بکەمەوە بۆ ئەم مەبەستەش، دابەشی سێ بەشی سەرەکیی ئەکرێت(جەباری، ٢٠١٦، ٨٩-٩٠) کە ئەوانیش بریتینە لە:

١-نەریتە زانستییەکان: مەبەست لە فێر بوونە زانستییەکانە کە، زانیارییە جیاوازەکان ئەگرێتەوە.

٢-نەریتە دەروونیی و هەڵچوونەکان: بریتییە لە فێر بوونی سۆز و بەزەیی و ئارەزووەکانی وەک خۆشەویستیی و رق لێبوونەوەی شتەکان یان کەسەکان یان کارەکان، هەروا ئاراستە کردنی بەها کۆمەڵایەتیی و چێژی هونەریی یان وێژەیی یان جوانیی ئەگرێتەوە.

٣-داب و نەریتە کۆمەڵایەتیی و رەوشتییەکان: بریتییە لەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیی و رەوشتییانەی کە فێریان ئەبین وەک پاراستنی راسپاردە و لێبوردن و هاوکاریی و رێزیی یاسا و پاراستنی وادە و پەیامەکان.

ئەبێت ئەوەش بڵێین کە منال لە سەرەتایی ژیانیان چۆن فێر کران و راهێنانیان پێکرا ئەوەندە تواناکانیان گەشە ئەکات و زۆرجار پێش هاوتەمەنەکانیان ئەکەونەوە لە تێگەیشتن و هەڵس و کەوتەکانیان، ئەو خاڵانەش بە بنچینەی سەرەکیی دائەنرێن لە پەروەردەیی منال و پرۆسەیی فێربوونیان.

١-٥-گرنگیی و ئامانجیی پەروەردە:

جۆن ئاموس لە بارەی گرنگیی پەروەردەیی منالەوە ئەلێت: (مرۆڤ کاتێک لە دایک ئەبێت سروشتیی دوورە لە هەموو شەڕ و خراپەیەکەوە، پێویستە لە سەرمان پارێزگاری لەو سروشتە پاکەیی منال بکەین بەوەی پەروەردەیەکی درووستیی بکرێت. )(بابان، ٢٠١٦، ٣٩-٤٠) چەندان زانایی تری وەکوو (ژان ژاک رۆسۆ- جۆن لۆک- ئیبن خەلدون- ئیبن سینا- دیکارت) جەخت لە سەر ئەوە ئەکەنەوە کە پێویستی پەروەردە لە تەمەنێکی زووەوە بۆ منال لە نان و خۆراک گرنگترە لە قۆناغەکانی گەشەی دا، هەروا دیکارت لەم بەرەیەوە ئەلێت: ( دوو کار هەنە کە هیچ کارێکی تر هێندەی ئەوان دژوار نین: بەڕێوەبردنی وڵات و پەروەردە کردنن)(عومەر، ٢٠١٩، ٤١) مەبەست لێرەش دا ئەو گرنگییە بێ پایانەی پەروەردە ئەخاتەڕوو کە هەیەتی لە بوونیاتنانی وڵات، چونکە لە رێگای پەروەردەیی درووستەوە ئەتوانین کەسایەتییەکی بەهێزیی خاوەن رەوشتیی بەرز و باڵا درووست بکەین یان بە پێچەوانەوە، کەسێکیی لاوازیی بێ هەڵوێست درووست ئەبێت کە ناتوانێت هیچ سوودێکی بۆ خۆیی و کۆمەڵگاکەی هەبێت.

ئیبن سینای زانایی عەرەبیی کاتێک باس لە جۆریی پەروەردە کردنی منال ئەکات، ئاماژە بە سروشتیی منال و لە بەر چاو گرتنی حەز و ئارەزووەکانیان ئەکات و ئەلێت: ( ئەگەر ئارەزوویی نووسینی کرد، وانەیی زمان و وتاربێژیی و گفتوگۆ و دیداریی خەڵکی پێ بگووترێت کە ئارەزوو و ئاراستەکانی منال بە هەند وەربگیرێت، تا ببێتە کەسێکیی داهێنەر لە خوێندن و سەرکەوتوو بێت لەو پیشەیەی لە ئایندە دا بە دەستیی ئەهێنێت. )(بابان، ٢٠١٦، ٣٥) ئەوەشیان کارێکی قورس و وردە، چونکە ئاراستە کردنی منال و دۆزینەوەی ئارەزووەکانیان کاتێکیی زۆر و ماندوو بوونێکی زۆریی ئەوێت.

لە بارەی ئامانجیی پەروەردەوە ئەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە دا کۆیان بکەینەوە ( عومەر، ٢٠١٩، ٤٤-٤٥) و دیارییان بکەین کە ئەوانیش بریتینە لە:

١-ئامانجیی سەرەکیی لە پەروەردەیی منال دا ئەوەیە کە فێریان بکەیت سەرپەرشتیاریی خۆیان بن.

٢- کە خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن، پشت بە تواناکانی خۆیان ببەستن لە رووی دەروونیی و جەستەییەوە کارا و لێهاتوو بن.

٣- یەکێکی تر لە ئامانجەکانی پەروەردە، گەشە کردنی مەعریفە و ژیرییە کە توانای رەخنە گرتنی هەبێت و، درک بە رووداوەکان و کردارەکان بکات و فێر بێت چۆن مامەڵەی ژیرانە بکات.

٤- گەشە کردنی لایەنی رەفتار و رەوشتیی پەروەردەیی درووست وا ئەکات کە حەز و خولیا و ئارەزووە

پەسـەندەکان هەڵبژێـرن دوور بکەونـەوە لـە هەڵچـوون و رەفتـار و کـردەوەی ناپەسـەند.

٥- ئامانجێکـی تـر بـەکار خسـتنی تواناکانـی تاکـە، رێزگرتنـی ئەوانـی تـر، راهێنانـی مـرۆڤ بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە کاتەکانیـان.

لەوانـەوە ئەتوانرێـت نەوەیەکـی بەهێـز و خـاوەن رەوشـتیی بـەرز، درووسـت بکرێـت کـە توانـای ئـەوەی هەبێـت روو بـە رووی تەنـگ و چەڵەمەکانـی ژیـان ببێتـەوە و پشـت بـە خـودی خـۆی ببەسـتێت لـە زۆرێـک لـە کێشـەکانی دا .

لـە شـیکردنەوەی بابەتـە جـۆرا و جۆرەکانـی گۆڤاریـی هەنـگ دا بە شـێوەیەکی، بەرچـاو ئـەو ئامانجانـەی پەروەردەمان بـۆ دەرئەکەوێـت کـە ویسـتویەتی بیگەیەنێـت، هەوڵدراوە بـە شـێوەی (چیـرۆک و شـانۆنامە و شـیعر و وتـاری سـەرنج راکێـش و گۆشـە تایبەتـەکان ) بـە زمانێکـی سـادەیی پـڕ لـە وشـەی جـوان و سـەرنج راکێـش کاری لـە سـەر ئـەم بابەتـە کـردووە و، وەکـوو توێـژەر ئەتوانـم بڵێـم کـە ئامانجەکەشـی زۆربـاش پێـکاوە.

بەشی دووەم

٢-١-ناوەڕۆکیی گۆڤاریی هەنگ:

گەیاندنـی تاقیکردنـەوە مرۆڤایەتییـەکان و شـارەزاییەکانی بـاو باپیـران بـە نـەوەکان و، درووسـتکردنی پـردی پەیوەندی لـە نێوانیـان کارێکـی ئاسـان نییـە لـەو سـەردەمەی کـە تیـای دا ئەژییـن، چونکـە هـۆکارە ئەلیکترۆنییـەکان بـە شـێوە جیـاوازەکان و سـەرنج راکێشـی ناوەڕۆکییـەوە، بووەتـە بابەتێکـی سـەر گەرمیـی بـۆ منـاڵ، گومانیـش لـەوە دا نییـە کـە زۆرێـک لەوانـە هیـچ سـوودێکی پەروەردەیـی پێویسـت بـە منـاڵ ناگایەنـن، (داهاتوویـی مرۆڤیـش لـە سـەر قۆناغیـی مناڵیـی بونیـات ئەنرێـت بـە شـێوەی پۆزەتیـڤ بێـت یـان نێگەتیـڤ بۆیـە، پێویسـتە بزانیـن کـە داهاتوویـی کۆمەڵگاکان پەیوەندیـی بـە بایەخـدان بـە منالـەوە هەیـە )(جمعـە، ٢٠٠٥، ٢٢) بۆیـە پێویسـتە منـاڵ لـە کاتیـی گەشـە و، کرانـەوەی هزریـی و بیریانـدا و، تێپـەڕ بـوون بـە قۆناغەکانـی مناڵییـان ئاشـنا بـن بـەو شـارەزاییانەی ژیانیی ئێسـتا و رابردوویـان لێرەوەیـە کـە (-ژەمیـی بچووکیـی ئەدەبیـی ئامانجگـر- بـە روونتریـن و بەهێزتریـن ئامـرازەکان دائەنرێـت، کـە منالـمان ئاشـنایەتییان بـە رەهەندەکانـی کـۆن و نـوێ و لەوانەیـە داهاتـووش هەبێـت بـۆ، بەهێـز کردنـی ئـەو لایەنـەش ئەبێـت لـە رێـگای رەگـەزە جـۆرا و جـۆرە ئەدەبیەکانـەوە بێـت کـە، لایەنەکانـی بیرکردنـەوە و خەیاڵیـان تێـر ئـەکات. هـەروا ببێتـە ئامرازێکـی بەهێـز لـە ئامرازەکانـی فێـر کـردن و هەڵسـەنگاندن و رۆشـنبیر کردنـی دڵ خۆشـکەر بۆیـان و، رێگایەکـی جوانیـش بێـت بـۆ درووسـتکردنی هەسـت و سـۆزیی تەندرووسـت و راسـتگۆیانە بـۆ گەنجانیـان ) (جمعـە، ٢٠٠٥، ٥٣-٥٤) ئـەو جـۆرە ئامـرازەش کـە بتوانێـت کۆمەڵێـک رەگەزیـی جـۆرا و جـۆری هەمـە رەنـگ لەخـۆ بگرێـت تەنهـا لـە بڵاوکـراوە و بەرنامەکانـی منـاڵ دا بەرچـاو ئەکەوێـت کـە بـە شـێوەی زانسـتییانەی پەروەردەیـی بەرنامـە رێـژ کـرا بێـت.

لـە بـڵاو کراوەکانیـش دا ( گەرەکـە گۆڤاریـی منـاڵ دیدێکـی نیشـتیمانیی و ئینسـان دۆسـتیی هەبێـت. . هانیـی توێـژی منـاڵ بـدات بـڕوای بـە تواناکانـی خۆیـان هەبێـت و پەرەشـیان پـێ بـدات. لایەنـە روون و گەشـەکانی کلتووریـی میللەتەکـەی بـە منـاڵ بناسـێنێت. . چەنـد لـە توانایـی دا بێـت لـە داهێنـان و ئاسـتیی پێـش ڤـە چونـی جیهـان

ئاگاداریی بکات ) (حەسەن، ٢٠١١، ١٦٧). لێرە دا (هەنگ) وەکوو گۆڤارێکی کوردیی منالانە بە نموونەی ئەو جۆرە بەرنامە رێژیە پەروەردەییە وەرئەگرم و بە پێیی ناوەڕۆکیی بابەتەکانیەوە شیکردنەوەی بۆ ئەکەم کە، توانیویەتی زۆر رەگەزی جیاوازی ئەدەبی لە دوو توێیی بەرگەکانی خۆیی دا بڵاو بکاتەوە. لە هەمان کاتیش دا رەچاویی کێشە پەروەردەییەکانی منالیی ئەو سەردەمەی کردووە لە بێ ئاگا بوونیان بەو بابەتە کلتووریی و مێژووییەی کە پێشتر هەبوونە لە ناو کۆمەڵگا دا. ئەبێت ئەوەش بڵێم کە گۆڤارەکە بە هیچ شێوەیەک بابەتە ئاینییەکانی لە دوو توێیی خۆیی بڵاو نەکردوەتەوە لە بەر ئەوەی، رەچاویی هەموو ئایینە جیاوازەکانی کردووە کە لە کوردستان بوونیان هەیە بۆ ئەوەی، منالیی کورد هەست بە بوونی ئەو جیاوازییە نەکەن و کەسیان بێ بەش نەبن لە چێژ وەرگرتن لە گۆڤارەکە.

بەر لەوەی بچینە سەر شیکردنەوە و دیاریی کردنی بنەما پەروەردەییە جیاوازەکانی گۆڤاریی هەنگ، وەکوو تووێژەر بە پێویستی ئەزانم کە ئاماژە بە ژمارەیی ئەو چیرۆک و سیناریۆیانە بدەم کە گۆڤاریی هەنگ لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی دا پێشکەشی منالیی کوردیی کردووە، کە کۆی گشتیی چیرۆکەکانی (٢٦٠) چیرۆکن و ژمارەیی سیناریۆکانیش بریتینە لە (٥٥) سیناریۆ، چیرۆکەکان (١٥٤)ی بەرهەمیی نوسەریی کوردن و (١٠٦)ی تریان لە زمانانی عەرەبیی و فارسیی و روسیی و ئەڵمانیی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانیی کوردیی، لە گەڵ وێنە و نیگاری رەنگا و رەنگی تایبەت بە ناوەڕۆکیی چیرۆک و سیناریۆکانەوە، وەک لەو خشتەیەی خوارەوە دەرخراوەن :

| ژمارەیی **سیناریۆکان** | ژمارەیی وێنەیی سیناریۆکان | ژمارەیی چیرۆکەکان بە گشتیی | نووسەری کورد | وەرگێڕاو | ژمارەیی وێنەیی چیرۆکەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٥ | ٤٧٩ | ٢٦٠ | ١٥٤ | ١٠٦ | ٤٤٠ |

بێگومان ئەو لایەنەی گۆڤارەکەش، یەکێکە لە بنەما پەروەردەییە کاریگەرەکان کە منال زیاتر بۆ خۆیی رائەکێشێت و ناوەڕۆکیی بابەتەکانیش لە ئامۆژگاریی بێت یان رێنمایی یان هەر بابەتێکی تری پەروەردەیی لە هزر و بیریان ئەچەسپێت و لە یاد کردنی ئەستەم ئەبێت.

٢-٢- پەروەردەیی زمان لە گۆڤاریی هەنگ دا:

لە نووسینی دەقیی منال پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت کە زمانێکی سادەیی هەبێ، بەو واتایەی ئەو وشە و زاراوانەی بەکار ئەهێنرێت نوێ نەبێت لە فەرهەنگیی زمانیی ئەو دا، لە گەڵ دونیاکەی دا بگونجێت، ئەگەر نوێش بوو روون کرنەوەیەکی پێ بدرێت، چونکە زمان کە (بەردیی بناغەی فەرهەنگە لە تافی منالیی دا دائەنرێت. تافی منالیی بۆ هەر مرۆڤێک، قۆناغێکی هەستیارە و چارەنووس سازیشە. . . . گەورەکانن کتێب، گەمە، فیلم و، شانۆیی بۆ منال رۆ ئەنێن و بەرهەم دێنن. منال تەنیا وەرگرە، یاخود بینەر و بیسەرە. لەو بابەتانەوە کە، رۆژانە وەریان ئەگرێت، فەرهەنگیی منال شکڵ گیر ئەبێت. لەوێوە فێری زمان، داب و نەریت و، ئیتیک و، ئاکار ئەبێت) (حەسەن، ٢٠١١، ١١٦) درووستکردنی فەرهەنگیی زمانیش ئەرکێکی لە پێشینەیە بۆ منال لە لایەن باوانەوە، چونکە سەرەتا ئامرازی فێر کردنە بۆیە ( خوێندنەوەی چیرۆک و حیکایەت لە لایەن باوانەوە بۆ منالەکانیان بەشداری لە ئاستیی زیاد بوونی گەنجینەیی زمانەوانیی ئەکات و مەودایی تێگەیشتنیان فراوانتر ئەکات. ) (ابوسارە، ٢٠١٦، ١٨) هەمە رەنگیی لە بابەتیی پەروەردەییش دا یارمەتیدەرێکی کارایە لە فێر بوونی وشە و، زاراوەیی نوێ لای منال کە بە تێپەڕ بوونی کات، توانای بیریی منال

بەهێز تر ئەبێت، خۆیی ئەتوانێت رستەیی نوێ و جۆری بیر کردنەوە و، هەستەکانی خۆیی دەربڕێت، ئەبێت ئەوەش بڵێین کە (یەکێک لە نیشانەکانی منالًیی بلیمەتیش ئەوەیە، ئەتوانێت گەمە بە وشەکان بکات بە ئاسانیی، رستەیان لێ درووست بکات و زەمانیی فرمانەکانیش بگۆڕێت) (حەسەن، ٢٠١١، ١٢٣) گەیشتن بەو قۆناغەش هەروا بە شێوەی زگماکیی درووست نابێت؛ بەڵکو دەوروبەر و پرۆسەیی پەروەردەیی و فێر کردن رۆڵیی سەرەکیی ئەبینن لەم بوارە دا.

بۆیە نوسەری دەقیی منالً ئەبێت بە وریاییەوە ئەو وشە و زاراوانە هەڵبژێرێت کە لە سنووری فەرهەنگیی منالً دایە، ئەگەر سەیرێکی دەقەکانی گۆڤاریی هەنگ بکەین بە شێوەیەکی روون ئەو لایەنە تێبینی ئەکەین تیای دا، کاتێک دێینە سەر بابەتاکانی ئەو سێ ساڵەی گۆڤارەکە لە (چیرۆک و، سیناریۆ و، چاو پێکەوتنەکان و، یاریی و، بابەتە هزرییەکان و، شیعرکان) دا پێکهاتەی گشتیی گۆڤارەکە بە شێوەیەکی زانستییانەی پەروەردەیی، ناوەڕۆکیی بابەتاکانی نووسراوە، واتا ئاراستەی کام قۆناغی تەمەنیی کراوە؟ رەچاوی ئەوەش کراوە کە دەستەواژەیەک نامۆ بێت لە کۆتایی لێکدانەوەی بۆ بکرێت هەوڵیش دراوە وشە و، زاراوەکان سادە بێت و، لە هەمان کات دا ئومێد و هیوا بەخش بن و، هاندەرێکی زۆرباش بن بۆ منالً.

بە نموونە : ١- لە ژمارە (١٤٩)دا لە چیرۆکی ( ماچیی نووستوو ) دا (خدر، ٢٠٠٩، ٧) کە باسی پەرۆشیی منداڵێک بۆ گەڕانەوەی باوکیی ئەکات لە کۆتایی دا سێ وشەی لێکداوەتەوە کە ئەوانیش (فراوین- وازی- خەواڵوویی)ە کە، هەموو منداڵێک تێیناگات ئەگەر بۆی روون نەکرێتەوە. هەروا لە گۆشەی (یاریی و گۆرانیی منالً لە ناوچەی خۆشناوەتیی دا- خلیسکانێی سەر بەفر) دا، دوو وشەی نوێ بەکارهاتووە کە لە فەرهەنگیی منالً دا نییە ئەوانیش (کارەگا- سیرمە) نە لە کۆتایی بابەتەکە دا شیکردنەوەی بۆ کراوە.

٢- لە بابەتیی شیعرش دا بۆ نموونە لە هۆنراوەیی (فوو) (کۆیی، ٢٠٠٨، ٢) کە شاعیر بە چەند وشەیەکی سادە، چالاکییەکی جوانیی منالانەی نیشان داوە کە رێزبوونی منالە ( شیعریی١) بۆ منالًیی دایانگە و، باخچەی منالً شیاوە لە یەک کات دا، منالً ئەتوانی چێژ لە گووتنەوەی ببینن وەکوو یارییش ئەنجامیی بدەن، چونکە (منالً حەز لە دووبارە کردنەوەی وشە ئەکەن، ئەمەش جۆرە راکێشانێک ئەگەیەنێ و هەستیان بۆ لای خۆیی ئەبزوێنێ ) (شوان، ٢٠١٨، ٣٩).

٣-لە شیعرێکی تر دا بە ناویی (کات دابەش کردن) (خۆرانی، ٢٠٠٩، ٣) (شیعریی ٢) کە بۆ منالًیی تەمەنیی قوتابخانەی سەرەتایی و بنەڕەتیی گونجاوە، وەکوو لە شیعرەکە ئەبینین، زۆر جوان ئەو کارانەی کە منالً ئەبێت ئەنجامیی بدەن لە ژیانیی رۆژانەیان روون ئەکاتەوە، چونکە پێویستە کە منالً لەو تەمەنە دا هەست بە رێک خستنی کاتەکانیان بکەن لە نێوان خوێندن و، یاریی و، هەوڵدان بۆ فێر بوون، ئەگەر ورد بینەوە لە زمانەکەی بە سانایی بابەتێکی گرنگیی روون کردووەتەوە کە بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ ئامۆژگاریی منالً ئەکات کە وەک ئەرکێکی تایبەت بە خۆیی کاتەکانی رێک بخات، واتا خۆیی سەرپەرشتیاری خۆیی بێت .

| | |
|---|---|
| ١-فوو. . . فوو. . . | ٢- بەیانییان کە هەڵدەستم |
| دەستت گەرم کەوە زوو | بە پێی ویست و مەبەستم |
| فوو. . .  فوو. . . | بۆ کار و چالاکیی خۆم |
| دەی هەموو | بە پێی بەرنامە دەڕۆم |
| تا یاری بکەین دوو دوو | چونکە بۆ ئەم ژیانە |
| مامۆستا. . .  مامۆستا | پێویستم بە پلانە |
| گەرم بووینەوە هەموو | ژیان بە بێ بەرنامە |
| دەی ڕیزبن دوو دوو | بێ سوودە و بێ ئاکامە |
| وەرە پێشەوە ئەتوو | بۆیە دەبێ هەموو کات |
| توو توو توو توو | بۆ کۆشش و بۆ خەبات |

شەمەندەفەر بڕوا زوو بەرنامە دابڕێژین
بۆ یاری و بۆ چالاکی و ئارەزوو هەتا سەرکەوتوو بژین

لەو سێ ساڵەی گۆڤاریی هەنگ دا؛ ژمارەیی ئەو شیعرانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە (١٦٤) دانەیە و بە رەچاو کردنی جۆری بیر کردنەوەی منداڵ تێگەیشتنیان بۆ شتەکانی دەوروبەر و، سانایی کێش و قافیەیی بۆ ئەوەی بتوانن بیڵێنەوە و ئەزبەری بکەن، وەکوو لە نموونەکانی سەرەوە خراونەتە روو لە شیعرەکان دا زۆر کەم هونەرەکانی رەوانبێژیی بەکارهاتووە چونکە ( زۆر پێویستیشە کە موبالەغە نەکرێت لە بەکارهێنانی وێنە شیعریەکان دا لە خوازە و، لێکچوون و، خواستن و، هونەرە شیعرییەکانی تر دا، چونکە منداڵ ناتوانێت لەو بابەتانە سەر دەر بکات. . . گرنگیشە شیعرەکە یەک بابەتیی پەروەردەیی لە خۆ بگرێت بێ ئەوەی چەند بابەتێک بگرێتە خۆیی کەوا لە منداڵ بکات هۆشیی بڕوات ) (محمد، ٢٠٠٥، ٢٠) ئەم سیفەتەش زۆر بە روونی لە شیعرەکانی گۆڤاریی هەنگ دا ئەبینرێت. لە هەمان کات دا کورتیی شیعرەکان وا ئەکات زۆر زوو لە لایەن منداڵەوە ئەزبەر بکرێت. هەمان شت لە سەر (چیرۆک و سیناریۆکان و بابەتە هزرییەکان) ئەچەسپێت و بەرچاو ئەکەوێت کە لە بەشەکانی تر دا ئاماژەیی پێ ئەدەم.

٢-٣- بنەما پەروەردەییە رەوشتییەکان لە هەنگ دا:

باپیرانمان گووتوویانە کە: (خوویی شیریی هەتا پیریی) چاندنی تۆویی چاکە و رەفتارە جوانەکان لە تەمەنێکی زووەوە ئەبێت کە بە، تێپەڕ بوونی کات گەورە ئەبێت لە گەڵ مرۆڤ دا، هەر بۆیە فێر کردن و گەیاندنی تاقیکردنەوە و شارەزاییەکانی پێشوو ئەبێتە بەردی بناغە بۆ منداڵ. کۆمەڵێك رەفتار و ئاکاریی گرنگ هەنە کە پێویستە منداڵ بیزانن لە ( گەشە پێدانی هەستیی بەشداری کردن و ئارەزوویی پێکەوە ژیان لە گەڵ کەسانی تر )(بابان، ٢٠١٦، ٥٥) بۆ خۆ گونجان و قبووڵ کردنی کەسانیی بەرامبەر؛ پێویستە لە تەمەنێکی زووەوە هەوڵ بدرێت منداڵ فێری ئەو رەوشتە گرنگانە بکرێت کە کەسێکی سەرکەوتوویی خاوەن کیانی خۆیی بۆ درووست بکرێت، لە هەمان کات دا تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵە کردن؟ و جیاکردنەوەی باشە لە خراپە؟ و هەڵسەنگاندنی گووتە و کارەکانیان بەر لەوەی ئەنجامیی بدەن.

ئەوەش بڵێین کە منداڵ، ئاکارە جوانەکان لە ژینگە و، پەروەردەیی تەواو و، تەندرووست وەرئەگرن ( ئەگەر هاتوو توانیمان ئەو ئەدەبە هونەرییە لە چوار چێوەیی ژەمێکی رۆشەنبیریی چێژدار پێشکاشیان بکەین کە مێشکە روون و دەروونە خاوێنەکەیان ئاو بدات لە چوار چێوەی پەروەردەییەکی جوان کە هەم چێژ لە ئەدەبەکە وەربگرن؛ هەم شارەزاییەکی پەروەردەیی ئاکاریی جوان بێت بۆیان) (جمعە، ٢٠٠٥، ٥١) بە پێی ناوەڕۆکیی بابەتە ئەدەبییەکان لە چیرۆک و سیناریۆکان چەند جۆرێک دیاریی کراوە، وەکوو (د. ئیبراهیم شوان)(شوان، ٢٠١٨، ٣٩-٤١) ئاماژەی پێ ئەدات کە لەم چەند خاڵە دا کۆی ئەکەینەوە بە شێوەیەکی گشتیی:

١- چیرۆکیی کۆمەڵایەتیی و ریالیزم: کە بە سایەیەوە شارەزایی لە دەوروبەرەکەی خۆی ئەبێت و، نەریت و خوو رەوشتیی چاکیان پێشکەش ئەکات و بە روونیی وێنەیی رێگای ژیان ئەکێشێت.

٢-چیرۆکیی گیانلەبەران: کە گیانلەبەران کردەوەی مرۆڤ ئەکەن کە بە رواڵەت بۆ خۆشییە و لە ژێریشەوە پەند و ئامۆژگارییە.

٣-چیرۆکیی پڕ و پووچ: واتایەکی خوو رەوشتیی تیا دایە بۆ مەبەستی فێر کردن و دڵدانەوەیە.

٤-چیرۆکیی گاڵتە و گەپ: ئەمە خۆشیی و شادیی ئەدا بە دەروونیی مناڵ.

٥-چیرۆکیی پاڵەوانێتیی و گیانبازی: کە پاڵەوانیی چاک و خێرخواز لە بواری ئایینی و مێژوویی و نیشتیمانیی دا ڕۆڵ ئەبینن، سەرەڕای چیرۆکیی راو و فرت و فێڵ و ئەو چیرۆکانەی کە پاڵەوانیی بچووکیی ژیر و چالاک بەسەر زەبەلاحیی شەڕ خواز دا سەر ئەکەوێت.

٦-چیرۆکیی زانستیی و ئەندێشەیی زانستیی: بۆ بەرزکردنەوەی توانای مناڵە کە پەیوەندیی نێوان شتەکان بزانێت و، ئاسان کردنی راستییە زانستییەکانە بۆیان.

٧-چیرۆکیی مێژوویی و گەشت و گوزار: بۆ زانینیی پەیوەندییەکانی کات و شوێنە، سەرەڕای پاڵەوانبازیی و رەوشت زانینە.

بۆ دیاریی کردنی ئەو بنەما پەروەردەییە رەوشتیانەی کە لە گۆڤاریی هەنگ پێشکەش بە مناڵ کراوە بە پێی ئامانجیی گشتیی چیرۆکەکە یان سیناریۆکە نموونەیەک یان دووان بۆ ئەمانەی خوارەوە ئەهێنمەوە:

١- هەست بە بەر پرسیاریەتیی: مناڵ بە هۆی سەر گەرمیی یاریی و جووڵەی بەردەوامیان؛ جۆرێک لە گوێ نەدانیان لە لا بەدی ئەکرێت بەرامبەر بە کەل و پەلی قوتابخانەیان و شتە خۆشەویستەکانیان، بۆیە ئەبینین لە ژمارە (١٤٠) دا چیرۆکێک بە ناوی (ئەنجامیی کەمتەرخەمیی )(شەریف، ٢٠٠٨، ١٠) رێنماییەکی پەروەردەییە بۆ هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیی بەرامبەر کەل و پەلی قوتابخانە و پاراستنی لە پیس بوون، لە هەمان کات دا مناڵ فێری ئەوە ئەکات کە هەڵەکانی خۆیی نەخاتە سەر کەسانیی تر، خۆیی ئەنجامیی کارەکانی خۆیی لە ئەستۆ بگرێت.

٢- رێزگرتن لە ئەزموونیی پێشینان: یەکێک لە رەوشتە جوانەکان کە مناڵان پێویستە فێری بن؛ رێزگرتنە لە ئەزموون و، تاقی کردنەوەی کەسانیی لە خۆیان گەورەتر و، گوێ رایەڵی گەورەتر لە خۆیان بۆ ئەوەی، بتوانن سوود لە شارەزاییان وەربگرن، نموونەی ئەوەش لە ژمارە(١٤٠) دا چیرۆکێک بە ناوی ( دوو بۆق ) (حەسەن، ٢٠٠٨، ٤) لە زمانی فارسییەوە وەرگێراوەتە سەر زمانیی کوردیی کە گوێگرتن لە رێنماییە بە پێزەکانی گەورەکان لە هەموو کارێک دا ئەتگەیەنێت بە مەبەستی داواکراو. هەروا لە ژمارە (١٦٢) دا چیرۆکێک بە ناوی (پرس و گوێگرتن کارێکی چاکە)(ڕەشید، ٢٠١٠، ٣) باسی ئەنجامیی پرس و راکردن ئەکات بە کەسانی گەورەتر بۆ وەرگرتنی ئەزموونیی باش و، بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی پوخت و رێک.

٣- لووت بەرزیی: گرانە وا بکەیت مناڵێک لە سیفەتیی لووت بەرزیی و، ئاکارە خراپەکانی بگات، جا روونکردنەوەی لە رێگای بەسەرهات و چیرۆکیی ئامانجدار سوودی زۆرباشی ئەبێت بۆ مناڵ. لە سەر سیفەتیی خۆ بەزل زانین لە ژمارە (١٣٩) دا چیرۆکێک بە ناوی ( دوو کەڵەشێر )(مەنمی، ٢٠٠٨، ٥) کە چیرۆکێکە لە سەر زمانیی گیانەوەرانە و باسی ئەنجامیی لەخۆبایی بوون ئەکات و، چۆن توانا و هێزت لە بەر ئەبڕێت؟ لە هەمان کاتیش دا مرۆڤیی لە خۆبایی کەس ئارەزوو بە هاوڕێیەتیی ناکات و لێی بە دوور ئەبن .

٤- ڕاستگۆیی: یەکێك لە سیفەتە رەوشتییەکان (ڕاستگۆیی)ە کە مناڵ پێویستە لەسەری را بێت و گرنگیی پێ بدرێت بۆ ئەوەی، بتوانێت دان بە هەڵەکانی خۆیی دا بنێت و، بەر پرسیارێتیی هەڵ بگرێت. چەندان نموونەی چیرۆک و سیناریۆ ئەبینین لە گۆڤاریی (هەنگ) دا لەم بارەیەوە. نموونەش لە چیرۆکیی (ڕاستگۆ)یی (جەڕاح، ٢٠٠٨، ١٦) لە ژمارە (١٣٨) دا کە چیرۆکێکیی وەرگێڕاوە لە زمانیی ئینگلیزییەوە بۆ زمانیی کوردیی باسی منداڵێک ئەکات لە باخەکەیی ماڵەوەیان هەرچی ڕووەکیی نوێیە هەڵی ئەکەنێت و، پاشان کە باوکی لێپرسینەوەی لە گەڵ ئەکات سەرەتا رەتی ئەکاتەوە کە ئەم کارەی کرد بێت، بەڵام پاشان دان بە هەڵەی خۆیی دا ئەنێت و، باوکیشی لێی خۆش ئەبێت، چونکە ڕاستگۆیانە دواوە و مناڵەکەش کە بە ناوی (جۆرج)ە لە دوا رۆژ ئەبێتە سەرۆک کۆماریی ئەمریکا، لەمەوە مناڵ فێری داننان بە

هەڵەکانیی ئەبێت و، ئەزانێت مرۆڤە گەورەکان ئەبێت راستگۆیانە بژیێن.

لە ژمارە (١٤٠) دا چیرۆکێک بە ناوی ( کەروێشکە پیرە ) (سەعید، ٢٠٠٨، ٤-٥) کە بە زمانیی گیانەوەرانە و باسی ئەنجامەکانی زۆر گووتن و خوو رەوشتیی درۆ کردن ئەکات کە، چۆن ئەو مرۆڤە بە چاوی سووک سەیر ئەکرێت، کەس باوەڕیی پێ ناکات لە هەمان کات دا، خۆشی چاوە رووی ئەوەی نابێت بچێتەوە لای کەس، ئەوەشیان جەخت کردنەوەیە لە سەر باشیی سیفەتیی ڕاستگۆییانە لە ناو کۆمەڵگا دا.

٥- هەرەوەزیی و هاوکاریی: درووستکردنی هەستیی هەرەوەزیی و یارمەتیدانی یەکتر لە لای مناڵ بە گرنگترین ئەرکی پەروەردەیی دائەنرێت، چونکە سیفەتیی کارکردنی بە کۆمەڵ و بەشداری کردن فێر ئەبێت لێیەوە. لە ژمارە (١٦٠) ی کانوونی دووەمی (٢٠١٠) دا، سیناریۆیەک بە ناوی ( پێڵاو و شەپقە ) (ماشاڵی، ٢٠١٠، ٢٠) بە زمانیی گیانداران بڵاو بووەتەوە، نموونەیەکی جوانیی کاری هەرەوەزییە، ناوەڕۆکەکەی باسی لووت بەرزیی مەیموون ئەکات لە گەڵ گیاندارانی تر دا، کاتێک داوای لێ ئەکەن وەکوو خۆیی پێڵاویان بۆ درووست بکات، کەچی ئەم نایکات و خۆیی لەوان بە گەورەتر ئەزانێت، بەڵام کە وەرزیی باران دێتەوە ئەمیش پێویستی بە شەپقە ئەبێت بۆ خۆپاراستن لە تەڕ بوون، ئیتر سوودیی هەرەوەزیی لە کار کردن بە دەرئەکەوێت.

لەژمارە (١٥٦)ی ئەیلوولی (٢٠٠٩) دا، چیرۆکێک بە ناوی (ئەنجامیی هاوکاریی) (میران، ٢٠٠٩، ١٦-١٧) کە پاڵەوانەکانی لە نێوان مرۆڤ و گیانەوەران دایە، باسی هەڵوێست و هاوکاریی جوتیارێک ئەکات بەرامبەر بە بێچووە باڵندەکانی ناو کێڵگەکەی کە هێلانەیان لە سەر دار تووەکەی ئەو درووست کردووە و ئەویش پێویستی بە دارە بۆ برینەوە، لە کۆتایی دا وەکوو ئامۆژگارییەک بۆ هاوکاریی کردنی یەکتر بە دێرێک ئەڵێت: ( هەڵوێستیی جووتیارەکە هەڵوێستێکی زیرەکانە و دوور بینانە بوو، چونکە ئەیزانی کە چۆلەکەکان بۆ کێڵگەکەی چەند بە سوودن و بەردەوام کێڵگەکە لە زیندەوەریی زیان بەخش پاک ئەکەنەوە، یارمەتیدانی یەکتریش بەرهەمیی چاکی لێ ئەکەوێتەوە ) (میران، ٢٠٠٩، ١٧) زۆر بە سادەیی دوو شتی جیاواز لە مناڵ ئەگەیەنێ یەکەمیان: پێویستە هاوکاریی یەکتر بن، دووەمیان: بوونی گیانەوەران لە کێڵگەکان دا سوودی خۆیی هەیە.

٦- هاوڕێیەتیی و خۆشەویستیی: لە چیرۆکێک دا بە ناوی ( هەمووماان هەڵە ئەکەین) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٤) باسی لێک زویر بوونی دوو هاوڕێ ئەکات کە پەشیمان ئەبنەوە و، ناشتوانن بچنەوە لای یەکتر، مامۆستاکەیان پێکیان دێنێتەوە. لەم چیرۆکە دا منال فێری گیانیی لێ بووردەیی و مانای هاوڕێیەتیی و بە هەڵە دا چوونەوە ئەبن، قبووڵ کردنی کەسەکان بە هەموو شێوەیەک.

هەروا لە چیرۆکێکی تر دا بە ناوی (سۆزیی هاوڕێیەتیی) (عەلی، ٢٠٠٨، ٧) باسی هاوڕێیەتیی دوو کیژۆڵە ئەکات کە لە سەر ملوانکەیی مليان لێيان ئەبێت بە ناخۆشیی و لێک تووڕە ئەبن، بەڵام چونکە یەکتریان زۆر خۆش ئەوێت بۆ یەکتر پەرۆش ئەبن و لە گەڵ یەکتر چاک ئەبنەوە. لەم چیرۆکەش دا خۆشەویستیی و، لێبوردەیی نێوان هاوڕێیان فێری منال ئەکات. ئەم جۆرە چیرۆکە بە چیرۆکیی کۆمەڵایەتیی دائەنرێت، منال فێری پارێزگاری کردن لە پەیوەندییەکانی ئەکات.

٧- باوەڕ بە خۆ بوون: درووستکردنی هەستیی باوەڕ بەخۆ بوون؛ یەکێکە لەو شتانەی کە منال بە ئاسانیی ناتوانێت تێیبگات لە بەر، کەمی شارەزاییشی لە ژیان ناتوانێت جیای بکاتەوە لە هەستەکانی تری، لە ژمارە (١٦٤) دا بابەتێک بە ناوی (خاکەڕایی مەزنێک) (ڕەفعەت، ٢٠١٠، ١) کە باسی ژیانیی نووسەری گەورەیی عەرەبیی ( نەجیب مەحفووز ) ە کە، مامۆستا وەکوو ئەرکێک بە منالانی ئەدات و، یەکێک لە منالەکان بە زیرەکیی و موکڕ بوونی لە سەر گەیشتن بەو کەسایەتییە ئەرکەکەی بەجێ ئەگەیەنێت. لێرە دا نووسەر بە شێوەیەکی راستەوخۆ ئەڵێت بچووکیی منال رێگری ناکات لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان و بێ فیزیی گەورەکانیش لە مامەڵەکردن یارمەتیی دەرێکی باشە بۆ ئەم مەبەستە.

٨- هەوڵدان و ماندیی بوون: لە ژمارە (١٣٩) چیرۆکی (فرمێسکە شیرینەکانی ئاسمان) (بەختەوەری، ٢٠٠٨، ٤) دا کە ئامۆژگارییەکی بە پێزە بۆ منالان بۆ هەوڵدان و خوێندن کە سوود بە خۆیان و مرۆڤایەتیی ئەگەیەنن لە، ژمارە (١٦٤) دا چیرۆکێک بە ناوی (لیرەیی زێڕ) (میرەکانی، ٢٠١٠، ٦-٧) چیرۆکێکیی پەروەردەیی بە پێزە بۆ منال کە هەر کەسێک ئەبێت لە ژیان دا بە کارێک بژییت و خۆیی ماندوو بکات، نەک لە سەر شان و ملیی دایک و باوکیی و بێ ئامانج بژییت، چونکە بەهایی کاری دەستیی خۆت هەر چەندە کەمیش بێت زۆر بە نرخە لە کۆتایی دا ئەڵێت: ( بۆیە ئەو کەسەی پارەی بە خۆڕایی دەست بکەوێت، بە خۆڕاییش لە دەستی ئەدات).

٩- پاراستنی ژینگە: نموونەییەکی زۆری ئەم بابەتانە لە ژمارەکانی هەنگ بەرچاو ئەکەوێت کە، چۆن منال ئەتوانن یارمەتیدەر بن لە پاراستنی ژینگەیی خۆیان؟ نموونەیەکی ئەمەش لە ژمارە (١٤٩) لە کۆتایی گۆڤارەکە دا لە سەر بەرگەکەی سیناریۆیەک بە ناوی ( ڕەووشتیی جوان ) (ڕەحمان، ٢٠٠٩، ٢٨) بڵاو کراوەتەوە، باسی فڕێدانی بەرگیی ئەو خۆراکانە ئەکات کە منال ئەیکڕن و نۆشی ئەکەن. هەروا سیناریۆیەکی تر بە ناوی ( گوڵەکانی باخچەی گشتیی) (سیامەنسووری، ٢٠٠٩، ١٦-١٧) کە ئەمیش لە زمانیی عەرەبیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانیی کوردیی و، باسی ئامۆژگاریی دایکێک ئەکات بۆ کچە بچکۆڵانەکەی کە نابێت گوڵە جوانەکانی باخچەی گشتیی لێ بکرێتەوە، چونکە موڵکیی هەموو خەڵکە و، جوانیەکەی لەوە دایە کە بە چڵیی خۆیی بمێنێتەوە.

١٠- خۆشەویستیی وڵات: بەستنەوەی خۆشەویستیی دایک و خاک و نەتەوە بە یەکترەوە زۆر سەرکەوتووانە ئەنجام دراوە کە بۆ منال تێگەیشتن لە وەفا بەرامبەر نەتەوە و خاک و ئالای وڵاتەکەی کارێکی ئاسان نییە، نموونەی چیرۆکی (دایە) (ئاگرین، ٢٠٠٨، ٨-١٦) کە بە دوو بەش لە ژمارەکانی (١٤٧-١٤٨) دا بڵاو کراوەتەوە، کە باسی میهرەبانیی دایک و درووستکردنی هەستیی بەر پرسیارەتیی لە ناو منالاکانی بەرامبەر خوێندن و خۆشەویستیی وڵاتەکەیان و چۆنیەتی خزمەت کردنی نیشتیمانەکەیان هەریەکە بەو شتەی کە فێری بووە.

لە کۆتایی دا وەکوو توێژەر ئەتوانم بڵێم، ئەگەر سەیریی ئەو گۆڤارە بکەین لە هەموو ژمارەکانی دا، بەشێکی زۆری چیرۆک و سیناریۆکانی لە خزمەت پەروەردە کردنی ڕەووشتیی و، دەروونیی منال دایە و، جەخت لە سەر چۆنیەتی هەڵس و کەوت و ئەنجامیی خراپە ئەکاتەوە بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ و لە کلێشەیەکی ئەدەبیی پەروەردەیی بابەتەکانی پێشکەش ئەکات.

بەشی سێیەم:

٣-١- بنەما پەروەردەییە کلتوورییەکان لە هەنگ دا:

کلتوور گەنجینەیەکی نەبڕاوەیە لە لای هەموو نەتەوەیەک بە چەندان بەشی جیاواز و، کار و، پیشە و، گۆرانیی و، یاریی و . . . هتد تیایە، گرنگییدان بەم لایەنەش، ئەبێتە بەهێز کردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەمەش بە ( جۆرا و جۆری نموونەکانی ئەدەبیی منال ئەبێت کە پشت بە سەرچاوەکانی کلتوور ئەبەستێت، جا وەرگرتن بێت، یان کورت کردنەوە، یان سادە کردنەوەی کە نووسەران ئەیانەوێت بابەتەکەی لە شێوەیەکی هونەریی دابڕێژن لە گەڵ ئاستەکانی قۆناغی منال بگوونجێت ) (ابو رضا، ١٩٩٠، ٥٠) بەوەش بەشێکی تری پەروەردەیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی پێشکەش بە منال ئەکرێت بە شێوازێکی نوێ لەگەڵ حەزەکانی بگوونجێت. لەم لایەنەشەوە گۆڤاریی هەنگ کۆمەڵێک بابەتیی هەمە ڕەنگیی پەروەردەیی پێشکەش کردووە کە بەشێکی لە کلتووریی ناوچەیی و، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کە لە سەر زارانن وەرگیراوە و، بەشێکی پەیوەندی بە خۆشەویستیی وڵات و، یادەکانییەوە ( جا یادیی جیهانیی بێت یان نەتەوەیی) هەیە، هەروەها کۆمەڵێکی باش لەو بابەتە هزریی و بیرییانەی لە کۆتایی هەموو ژمارەکانی دا بۆ منالیی بڵاو کردووەتەوە کە لە بەشی یاریی منال ئاماژە بە ئامانجە پەروەردەییەکانی بۆ منال بە گشتیی ئەدەین. لێرە دا بابەتەکان دابەشی

ئەمانەی خوارەوە ئەکەین بە پێی ناوەڕۆکیان:

١-یارییەکانی منداڵ: یاری و جوڵە رۆڵێکی گرنگ لە گەشە کردنی هزری و، جەستەیی و، دەروونیی منداڵ دا ئەگێڕن، بۆیە لە پەروەردە کردنی منداڵ دا ئەو بوارە ئەبێت رەچاو بکرێت، چونکە (ئەرکی یاری لە ژیانیی منداڵ دا لایەنێکی گرنگ و گەورە ئەگێڕێت لە ئێستا و داهاتووشی دا، لەوانەیە ئەگەر بڵێین یاری کاریگەری باشتری هەیە لە سەر منداڵ، لە خواردن و، هەوا و، نووستنی باش زێدە رەوی نەبێت. . . پەروەردەیی باشیش پشت بە یارییە جۆرا و جۆرەکان ئەبەستێت لە رێنمایی کردنی منداڵ بۆ پەیدا کردنی بەهرەکانیان لە کار و لایەنەکانی ژیانیان دا ) (جمعە، ٢٠٠٥، ٢٩) بۆ دیاری کردنی جۆرە جیاوازەکانی یاری منداڵ کە گۆڤاریی هەنگ بڵاوی کردوونەتەوە بەم شێوەیە یارییەکان دابەش ئەکەین:

آ-یارییە جەستەییەکان: ئامانجیی پەروەردەیی لەم یارییە دا ( یارمەتی بەهێز بوونی ماسوولکەکانی منداڵ ئەدات، گەشە کردنی توانایی داهێنانی منداڵ، هەروا یارمەتی ئەدات لە باوەڕ بەخۆ بوون ) (محمود، ٢٠٠٩، ١٠٤) نموونەی ئەو جۆرە یارییە لە گۆشەی (یاری و گۆرانیی منداڵ لە ناوچەیی خۆشناوەتیی دا) کە لە هەموو ژمارەکان دا باسی یارییەکی جیاوازی کلتووریی ئەکات کە بۆ قۆناغەکانی قوتابخانە گونجاوە، وەکوو لە ژمارە (١٦٠) دا یاری ( خلیسکانێی سەر بەفر ) (خۆشناو، ٢٠١٠، ١٨) کە یارییەکە لە وەرزی زستانە ئەکرێت، کاتێک بەفر ئەبارێت و دونیا سپی ئەکات، بۆیە لە مانگی یەک دا بڵاو کراوەتەوە.

لە ژمارە (١٤٩) دا یاری ( پەلیکانێ ) (خۆشناو، ٢٠٠٩، ١٨) ئەمەش یارییەکی کلتوورییە کە بە گرووپ ئەنجام ئەدرێت و پێویستی بە دەست و پلێکی راست و خێرایی هەیە، منداڵ چێژی لێ وەرئەگرن چونکە ململانێیی تیا دایە. بە چەندان یاری تری وەکوو (قولیی قولیی سۆتم، پیسک پیسکانێ، تەندووری سۆر، هیلوکسە، ڕکانە، چاو قوچاندن، . . . هتد)لە ژمارەکان دا بڵاو کردووەتەوە لە گەڵ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو یارییانە بە وردیی.

ب- یارییە زمانییەکان: ئامانجە پەروەردەییەکانی بریتینە لە ( چەسپاندنی وشەکان لە بیریی منداڵ و ئاسانیی بە بیر هێنانەوە، زیاد کردنی زاراوە زمانییەکانی منداڵ، بەکارهێنانی شیکردنەوە و، لێکدانی پیتەکانی ناو وشە، زانینیی منداڵ بە گرنگیی خاڵەکان لە ناو وشەکان دا ) (محمود، ٢٠٠٩، ٩٥) لە هەر هەموو ژمارەکانی گۆڤاریی هەنگ دا لە لاپەڕەکانی کۆتایی کۆمەڵێک یاری زمانیی بەرچاو ئەکەوێت کە، منداڵ ئەتوانن بە هاوبەشی هەوڵی گەڕان بە دوای وەڵامەکانی بدەن وەکوو یارییەکانی ( دژ واتا، دۆزینەوەی وشەکان، دروستکردنی وشەیی تەواو، بە یەک گەیاندن، دووبارە بوونەوەی دەنگەکان، پێکەوەنانی پیتەکان، دروستکردنی رستەیی تەواو ) ئەو یارییانە بە شێوەیەکی باش تواناکانی منداڵ پەرە پێ ئەدات لە فێربوونی زمانیی کوردیی و، چۆنیەتی پێکهاتن و، دروستی دەربڕین لە لای منداڵ بە گشتیی.

جـ- یارییە هزریی و وردیی تێبینی کردن: ئامانجە پەروەردەییەکانی ئەم جۆرەشیان بریتینە لە ( زیاد کردنی توانایی بیر کردنەوەی منداڵ لە شتە پەتییەکان، زیاد کردنی توانایی منداڵ لە چارەسەر کردنی کێشەکانی، گەشە کردنی توانا بیرییەکانی منداڵ بە شێوەیەکی گشتیی، گەشە کردنی تواناکانیان لە ورد بوونەوە لە شتەکان و، زیاد کردنی ئاگایی لای منداڵ ) ( محمود، ٢٠٠٩، ١٠٨) بە هەمان شێوە ئەم جۆرە یارییانە لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاریی هەنگ دا بەرچاو ئەکەوێت و گرنگیی پێدراوە، وەکوو یارییەکانی ( جیاوازی نێوان وێنەکان، رێگا دۆزینەوە، وێنە رەنگ کردن، وێنەی دووبارە بووەوە، ژمارە دانان، کۆی ژمارەی چوار گۆشەکان، یاری تەڵە شخارتە، ژمارە دۆزینەوە ) منداڵ ئەو یارییانە کە بە شێوەی کۆمەڵ بکەن؛ هەستیی کێبڕکێ لە ناویان زیاتر ئەبێت و، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیی دروست ئەبێت لە نێوانیان دا، هەروا خێرایی بیر کردنەوەیان زۆر زیاتر ئەبێت بۆ نموونە جیاوازی نێوان وێنەکان کە، چەند جیاوازییەکی وردە پێویستە منداڵ لە کاتێکی دیاریی کراو بیدۆزنەوە، بێگومان بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە ورد بوونەوە و تێبینیی کردنی باش ئەبێت. ئەبێت ئەوەش بڵێم لە رێگای بە ئەنجام گەیاندنی ئەم جۆرە یارییانە؛ منداڵ فێری رێگای نوێ

ئەبن لە روو بە روو بوونەوەی کێشەکانی ژیانیان و، گەڕان بە دوای چارەسەری گونجاو لە هەموو کات و ساتێک دا.

هەروەها لە زۆرێک لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بە شێوەی سیناریۆ یان بابەتی زانیاریی باسی کۆمەڵێک یارییە نوێکانی کردووە، وەکوو لە ژمارە (١٤٨) دا باسی (یاریی گۆڵف) (محمود، ٢٠٠٩، ٨) کە سیناریۆیەکی وەرگێڕاوە لە زمانیی عەرەبیی بۆ زمانیی کوردیی باسی یاریی گۆڵف ئەکات بە وێنەوە و، چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو یارییە روون ئەکاتەوە، ئەمە و چەندان یاریی تری وەکوو ( ئایا ئەزانی چەند جۆر تۆپی پێ هەیە؟).
لە کۆتایی دا ئەبێت بڵێم کە ئەم گۆڤارە توانیویەتی ئاماژە بە زۆرێک لە یارییە باوەکانی منداڵ بدات کە ئەشێت وەکوو فەرهەنگێکی یاریی منداڵ سەیر بکرێت، لە قوتابخانە و، باخچەکانی منداڵ دا سوودیی لێ وەربگیرێت، چونکە یارییەکان زۆرینەیان بە شێوەی گرووپ ئەنجام ئەدرێت کە ئەوەشیان، دوو لایەن بەهێز ئەکات لە لای منداڵ دا؛ یەکەمیان کار کردن لە چوار چێوەیی گرووپێک و هەرەوەزیی کردنی یەکتر، دووەمیان چێژ وەرگرتن و بەسەر بردنی کاتێکی خۆش.
٢-گۆرانیی منداڵ: ( گۆرانیی منداڵ لای هەموو گەلان بە سانایی وشەکانی و، ئەزبەر کردن و، چێژ لێ وەرگرتنی لای منداڵ ئەناسرێتەوە، زۆربەی کاتیش گۆرانیی کورت ئەبێت و، پشت بە دووبارە کردنەوە ئەبەستێت ) (محمد، ٢٠٠٥، ١٩) گرنگیی گۆرانیی منداڵ بە دوو شێوە لە پەڕاوەکانی گۆڤاریی هەنگ ئەبینین ئەوانیش گۆرانییە کلتوورییەکان کە بەسەر زارەوەنە و، دووەمیان کۆمەڵێک شیعریی منداڵ کە ئەتوانرێت وەکوو گۆرانیی بگووترێتەوە. لە گۆرانییە کلتوورییەکان دا لە ژمارە (١٦٢) دا نموونەی ئەو جۆرەی یەکەمە لە گۆشەیی (یاریی و گۆرانیی منداڵ لە ناوچەی خۆشناوەتیی دا) دا کە گۆرانییەکی کلتووریی ناوچەیی بڵاو کراوەتەوە بە ناوی (گۆرانیی هۆ گاوان) (خۆشناو، ٢٠١٠، ١٨)، هەروا (گۆرانیی-هەزێنە-)(خۆشناو، ٢٠٠٩، ١٨) کە فۆلکلۆریی ناوچەییە ، یەکەمیان کوڕانەیە و، هی دووەمیان کچانەیە.
٣-یادە نەتەوەییەکان: یەكێك لە لایەنە پەروەردەییە گرنگەکان کە لەم گۆڤارە دا جەختی لە سەر کراوەتەوە، یادە نەتەوەیی و تایبەتییەکانە کە منداڵ ئەبێت ئاگاداری بن، وەکوو ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردیی لە بیریان بچەسپێت، ئەوانیش وەکوو یادیی نەورۆز و یادیی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە مانگیی ئادار یادیی ئەکرێتەوە، لێرە دا نموونەی هەڵەبجە وەکوو لەو چیرۆکەی کە لە ژمارە (١٥٣) دا بە ناویی ( سامان و پەڕەسێلکە ) (مەنمی، ٢٠٠٩، ٤) بە شێوەیەکی زۆر سادە باسی کوژرانی خەڵک و، گیانەوەران و، تێکدانی هەموو شتێکی ئەو ناوچەیە ئەکات، هەروا لە ژمارە (١٤١) دا لە گۆشەیی ( با وڵاتەکەمان بناسین ) بابەتێک بە ناوی (هەڵەبجە) (چرا، ٢٠٠٩، ٥) بڵاوکراوەتەوە باسی مێژوویی درووست بوون و، ژمارەیی خەڵکەکەی و، پێکهاتەی شارەکە ئەکات لە کۆتایی دا، باسی مێژوویی کیمیاباران و ژمارەیی قوربانیانی ئەکات. لەم دوو نموونە شیعرییەش دا یادیی نەورۆز (سەیری شیعری ١ و ٢ بکە) ئەکاتەوە کە یەکەمیان بە ناویی (جەژنتان پیرۆز) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٩، ١١) و، دووەمیان بە ناویی (بەهار) ( عەبدوڵڵازادە، ٢٠١٠، ١٧) کە لە ژمارەکانی مانگیی مایس-ئادار بڵاو کراونەتەوە:

١- لێتان پیرۆزبێ نەورۆز
ئەی منداڵیی دڵسۆز
نەورۆز بە گوڵ و رەیحان
هاتەوە بۆ کوردستان
مژدەیی شادیی هێناوە
سەرما باویی نەماوە
سەوزیی پۆشی نیشتیمان
لە گەرمیان و کوێستان

٢- بەهار هاتەوە بە رەنگیی جوانیی
شادیی کرد دڵیی گەورە و جەوانیی
سەوز پەرش بوو بە هەموو لاوە
سوور و پەمەییش گوڵی هێناوە
بەهار ئەی بەهار جوانیی ژیانی
تۆ هیوا بەخشی و ئارامیی دڵانیی
من لە خۆشیی تۆ دەڵێم گۆرانیی
سەمامە هەردەم بە شادمانیی

كراوە ئاگریی نەورۆز | مژدەبێ لێتان بەهار هاتەوە
پیرۆزبێ لێتان پیرۆز | نەورۆزی پێیە و رق دەشواتەوە
گەشە رۆژی رزگاریی | دایە و بابەگیان، خوشك و براكانم
نەفرەت لە ستەمكاریی | هاوڕێ و دۆستانم، گشت ناسیاوانم
بژی كورد و كوردستان | پێشوازی بكەن لەم وەرزە جوانە
شەكاوە بێ ئاڵامان | كە جەژنی كوردە و مانای ژیانە

لە یادە جیهانییەكانیش دوو یاد بەسەر كراوەتەوە كە ئەوانیش؛ هاتنی ساڵیی نوێیی زاینییە لەگەڵ یادیی رۆژیی منداڵ كە جەژنی منداڵیی جیهانە و لە هەر سێ ساڵیی گۆڤارەكە دا بە سەریان كردووەتەوە هەم بە شیعر و، هەم بە ئامادەكردنی وێنەیی ئەو چالاكییە پەروەردەییانەی كە لەم رۆژە دا ئەنجام دراوە.

٣-٢-بنەمای پەروەردەیی زانیاریی گشتیی:

جۆریی بیر كردنەوەی منداڵ لە سەرەتایی ژیانیان سنووردارە بە هۆی كەمیی شارەزایی و، زانیارییەوە بۆیە هەوڵ ئەدات كە شتەكانی دەوروبەری بناسێت بە هەر شێوەیەك بێت، كۆمەڵێك ئاماژە لە لای منداڵ هەیە كە پێمان ئەڵێت ئاستی هزریی و گەشە كردنیان بەرەو پێگەیشتن و گەورە بوون ئەچن وەكوو (بەردەوام پرسیار كردن و، توانایی تێگەیشتن لە بیرۆكەی رەها و، هەڵهێنانی مەتەڵ و پرسیارەكان . . . ) (ابو سارە، ٢٠١٦، ٤٦) بۆ پەرە پێدان و بەرەو پێش بردنی بەهرەكانی منداڵ و بەهێز كردنی تواناكانیان ( پێویستە منداڵ ئەندازەیەك لە زانیاریی زانستیی هەبێت بۆ تێگەیشتن و درك كردن بەو رووداو و، گۆڕانكارییانەی لە دەوروبەری روو ئەدەن ) (بابان و ئەوانی تر، ٢٠١٦، ٧١) بێگومان ئەبێت ئەو زانیارییانەی كە ئەدرێت بە منداڵ بابەتێك بێت كە، وەڵامی پرسیارەكانی ئەو بێت بە شێوەیەكی سادەیی گونجاو لە گەڵ ئاستی هزریی و، مەودای بیر كردنەوەی بگوونجێت ( یەكێك لە زانیارییە زانستییەكان بۆ، منداڵ زانستیی سروشتییە كە یارمەتی منداڵ ئەدات بۆ گەشە كردنی لایەنی مەعریفیی و تێگەیشتن لە سروشت ) ( بابان و ئەوانی تر، ٢٠١٦، ٧٢) بێگومان زانیارییە سروشتییەكانیش زۆر و بێ كۆتاییە، ژمارەی زانیارییە گشتییەكانی كە لەو سێ ساڵەی گۆڤاریی هەنگ بڵاو كراوەتەوە بریتینە لە (١٢٦) بابەت كە بەسەر چەند جۆرە زانیارییەك دابەش ئەبن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-دیاردە سروشتییەكان: لە ژمارە (١٤٠)ی نیسانیی ٢٠٠٨ سیناریۆیەك بە ناویی (نهێنییەكانی زانست) (سیمانسووری، ٢٠٠٨، ١٤-١٥) كە لە زمانیی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانیی كوردیی بە وێنەوە كرداری رۆشنە پێكهاتن و چۆنیەتی درووست بوونی خۆراك بۆ رووەك روون ئەكاتەوە، ئەمە بابەتێكی پەروەردەییە كە تێگەیشتنی بۆ منداڵ سانا نییە، بەڵام بەو شێوەیە منداڵ فێر ئەبێت و حەزیش بەو جۆرە زانیارییە ئەكات و، چێژ لە خوێندنەوەی وەرئەگرێت. هەروەها لە ژمارەكانی تر دا چەندان بابەتی تر بە ناوەكانی (پلاستیك، كانزاكان، دار و تەختە، چۆن ئایس كرێم پەیدا بوو؟) بەرچاو ئەكەون كە باسی ئەو كەرەستانە ئەكات كە ئەو ماددانە لە پێكهاتەیان دا هەیە و منداڵ رۆژانە لە دەوروبەری خۆیی ئەیانبینێت و هەندێكیان بەكار ئەهێنێت.

٢-ناسینی گیانداران: منداڵ بە شێوەیەكی گشتیی حەز بە جیهانیی گیانەوەران و سەربووردەیان ئەكەن، ئەوەش لە بەر ئەوەی هەست بە نزیكی خۆیان لە گەڵ ئەو جیهانە ئەكەن لە، زۆر لایەنەوە وەك كەم شارەزایی و جووڵەی زۆر و ئارەزوویی بەسەر كردنەوەی شوێنەكان و شتەكان لە، ژمارەكانی گۆڤاریی هەنگ گرنگیی بە زانیاریی لە بارەی گیانەوەران و شوێنی ژیانیان و، سوریی ژیانیان و، قەبارە و، كێش و جۆری خۆراكیان كراوە بە نموونە لە ژمارە (١٦٤) دا بابەتێك بە ناویی ( ژیانیی ورچ) (سەردار، ٢٠١٠، ١٧) كە لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانیی كوردیی و، باسی ورچ و جۆرەكانی و شوێنیی ژیانیان ئەكات، یان وەك لە ژمارە (١٤٦) دا بابەتێك بە ناویی ( بۆچی گیانلەبەران كلكیان هەیە؟) (حەسەن، ٢٠٠٨، ٢٣)بڵاو كراوەتەوە كە لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانیی كوردیی باسی سوودەكانی كلك ئەكات

بـۆ گیانـەوەران، لێـرە دا باسـی گیانـەوەری ئاویـی و وشـکانیی کـردووە. بـە چەنـدان ناونیشـانیی تـری وەکـوو (هاوڕێیەتـی تیمسـاح و باڵنـدەی شـوقراق، بۆچـی وشـتر مـل سـەریی لـە نـاو لم ئەشـارێتەوە؟، سـەگ، قالۆنچـە کۆنتریـن زەردەواڵەیـە لـە سـەر زەویـی، مـەڕ، ئەسـتێرەیی دەریـا، فیـل، ماسـیی، بۆچـی کەڵەشـێر بانـگ ئـەدات، کەڵەشـێری دارسـتان، سـەقاقوش، وشـتر، دیناسـۆر، هەنـگ بچووکتریـن گونجێنـەری هەوایـە، رۆبیـان، چـی لـە بـارەی (مـار)ەوە ئەزانیـت؟) ئەبینرێـت.

٣-ناسینی رووەک: لـە بـارەی جیهانیـی رووەک، چەنـدان زانیاریـی سـوود بەخـش بـە زمانێکـی سـادە بـڵاو کراوەتـەوە کـە، منـاڵ کـەم تـا زۆر شـارەزایی لەبـارەوە نییـە یـان زۆر کـەم نەبێـت سـەری لـێ دەرناکـەن بـۆ نموونـە بابەتێـک لـە ژمـارە (١٦٢) دا بـە ناونیشـانی (چـی لەبـارەی (چا)یـەوە ئەزانیـت) (سـەباح، ٢٠١٠، ٩) باسـی ئـەو رووەکـە هەمیشـە سـەوزە ئـەکات کـە، سـەرەتا لـە کوێـوە پەیـدا بـووە و، پاشـان چـۆن ئەچێنرێـت و پێویسـتی بـە چ جـۆرە کـەش و هەوایـەک هەیـە، ئەنجا بەرزییەکـەی تـا چەنـد ئـەڕوات و چ وڵاتێـک لـە هەمـووان بەناوبانگـترە لـە بەرهـەم هێنانـی دا. هـەروا چەنـدان ناونیشـانی تـری وەکـوو (قـەوزە و سـوودەکانی، گیایـی سـەوز و شـیریی سـپیی، گوڵیـی سروشـتیی و گوڵیـی دەسـت کـرد) بـڵاو کراونەتـەوە.

٤-ناسینی شتەکان و دیاردەکان: منـاڵ لـە ناسـینی دیـاردە گەردونییەکانـی کـە لـە دەوروبەریـان دا روو ئـەدات بـە زەحمـەت سـەر دەرئەکـەن و سـەیریان بـەوە دێـت کـە چـۆن روو ئـەدەن و دوور و نزیکیـان لـە گـۆی زەوی و ناوەکانیـان و چەنـدان پرسـیاری تریـان لـە لا درووسـت ئەبێـت بـۆ نموونـە لـە ژمـارە (١٥٦) دا بابەتێـک بـە ناویـی ( چـی دەربـارەی مانـگ ئەزانـی؟) (خەنـدە، ٢٠٠٩، ٨) بـە شـێوەیەکی سـادە باسـی مانـگ ئـەکات، دووری لـە زەوییـەوە و رووەکانـی و قەبـارە و سـاڵیی چوونـی مـرۆڤ بـۆ سـەر مانـگ ئامـاژە پـێ ئـەدات. هەروەهـا ناونیشـانەکانی وەکـوو (ئەپۆڵـۆ، ئەسـتێرە، بۆچـی خـۆر و مانـگ لـە ئاسـماندا ئەژیـن؟) ئەبینرێـن کـە زۆر بـە سـادەیی و بـە شـێوەیەکی زانسـتییانە ئـەو دیاردانـە روون کراونەتـەوە بـە وێنەیـی رەنـگا و رەنگـی سـەرنج راکێـش.

٥-رێنمایـی و ئامۆژگاریـی تەندرووسـتیی: گۆڤاریـی هەنـگ لەمەشـیان دا کۆمەڵێکـی زۆر زانیاریـی بـە سـوودی لـە خۆیـی گرتـووە کـە لـە، بنەڕەتـە پەروەردەییـە پێویسـتەکانن کـە منـاڵ ئەبێـت لـە سـەرەتای ژیانیـان فێـری بـن و پەیـڕەوی بکـەن بـۆ ئـەوەی نەوەیەکـی تەندرووسـت و دوور لـە نەخۆشـی گەشـە بـکات، لێـرە دا ژمـارە (١٦٣)ی هەنـگ کـە لـە بەرگەکـەی ئاماژەی بـەوە داوە کـە لـەم ژمارەیـە دا فایلێك تایبـەت کـراوە بـە تەندرووسـتیی ددانەکانـەوە کـە، نـاو نیشـانەکانی (منـداڵ و ددان) (فەرهـادی، ٢٠١٠، ٢٠) و (یادەوەرییەکـی پەنجـا سـاڵیی) (، ٢٠١٠، ٢١) و (باپیـرە زۆر پەشـیمانە) (بڵنـد، ٢٠١٠، ٢٢) و (فلچـە و کرێـم) (، ٢٠١٠، ٢٣) و (گرنگییـدان بـە تەندرووسـتیی دەم و ددان) (حەمـدان، ٢٠١٠، ٢٤) بـڵاو کراونەتـەوە هەموویـان بـە شـێوەی جیـاواز باسـی چۆنیەتـی پارێـزگاری کـردن لـە ددانەکانـی و جیـاوازی نێـوان ددانـی شـیریی و ددانـی هەمیشـەیی ئـەکات، هەروەهـا منـاڵ فێـری چۆنیەتـی پـاک و خاوێـن راگرتنـی ددانەکانیـان ئـەکات لـە کۆتایـی ئـەو ژمارەیـەی هەنگیـش دا دوو سـیناریۆ بـە ناوەکانـی (ددانەکانـی سـازگار) (فەرهـادی، ٢٠١٠، ٢٧) و (فلچـە نوێیەکـە چـی کرد؟)(فەیـزی، ٢٠١٠، ٢٨) لـە یەکەمیـان دا باسـی خراپیـی شـیرینیی بـۆ ددانـەکان و، نەشووشـتنیان لـە کاتـی نووسـتن ئـەکات، دووەمیشـیان باسـی کاریگـەری ددان شوشـتن ئـەکات کـە، چـۆن میکـرۆب و پیسـی نـاو دەم خاوێـن ئەکاتـەوە. هەروەهـا بـە چەنـدان بابەتـی تـری تەندرووسـتیی ( خۆپاراسـتن لـە هەڵامـەت، سـوودی میـوەکان، ڤیتامیـن D، دڵ. . . پێکهاتـە و ئەرکەکانـی، چەنـد راسـتییەکی سـەیر لـە نـاو لەشـی مـرۆڤ دا، رەچـاو کردنـی چەنـد خاڵێکـی خـۆ پاراسـتن بـۆ منـاڵ. . . هتـد) بـڵاو کراوەتـەوە لـە دوو توێـی گۆڤاریـی هەنـگ دا.
لـە کۆتایـی دا ئەبێـت بڵێـم کـە ئـەم گۆڤـارە لـە هەمـوو ژمارەکانـی دا بـە شـێوەیەکی زانسـتییانەی سـادە کـە لـە گـەڵ تەمەنـە جیاوازەکانـی منـاڵ و، عەقڵیـان بگوونجێـت کۆمەڵێك زانیاریـی پـڕ بایەخـی پەروەردەیـی بـڵاو کردووەتـەوە کـە لـە پڕۆسـەی پەروەردەیـی منـاڵ زۆر سـوودیان لـێ وەرئەگیرێـت.

**ئەنجامەکان:**

١- لـە ناوەڕۆکـی بابەتـەکان ( لـە چیـرۆک و سـیناریۆ و شـیعرەکان) دا؛ لـەم گۆڤـارە دا بـە شـێوازێکی زانسـتیانە رەچـاوی بنەمـا پەروەردەییەکانــی کردووە.

٢- لـە رووی زمانـەوە هـەوڵ دراوە کـە زمانێکـی کوردیـی پاراویـی هەبێـت کـە، مناڵیـی کـورد بـە ئاسـانیی تێبیـگات هـەروا دەوڵەمەنـد کردنـی فەرهەنگیـی منـاڵ بـە زاراوە جیـاوازەکان.

٣- لـە رووی پەروەردەیـی رەووشـتییەوە، ئامۆژگاریـی و رێنمایـی بـە پێـزی بـۆ هەمـوو قۆناغەکانـی تەمەنیـی منـاڵ پێشـکەش کـردووە کـە بـۆی هەیـە هەڵـس و کەوتـی نموونەیـی بـۆ منـداڵ درووسـت بـکات.

٤- گرنگییـدان بـە پەروەردەیـی تەندرووسـتیی و ئەنجامەکانـی بـە تایبەتـی ئـەو لایەنانـەی کـە پێویسـتە منـاڵ لـە سـەرەتایی ژیانیـان دا وەکـو خـوو رەوشـت فێـری بـن.

٥- لایەنێکـی تـری پەروەردەیـی لـە گۆڤاریـی هەنـگ دا؛ پەروەردەیـی جەسـتەییە کـە توانیویەتـی دەق و یاریـی و گۆرانییـە باوەکانـی ناوچەیـی و گشـتیی بخاتـە بـەر دەسـتیی مناڵـەوە بـۆ ئـەوەی لـە بیـر نەکرێـن.

٦- هـەروا گرنگیـی بـە پـەروەردە هزریـی و توانا ئەقڵییەکانـی منـاڵ داوە لـە رێـگای بـڵاو کردنـەوەی یارییـە هزرییـەکان بـۆ درووسـتکردنی کێبڕکێیـی لـە نێـوان منـاڵان دا.

٧- بەسـەر کردنـەوەی یـادەکان و یادیـی منـاڵ و چالاکییەکانیـان، بناغەیەکـە بـۆ چەسـپاندنی گۆڕانیـی کات و مانـای ئـەو یادانـە بـۆ منـاڵ.

٨- کۆمەڵێـک زانیاریـی گشـتیی جـۆرا و جـۆری لـە مـاوەی ئـەم سـێ سـاڵە خسـتۆتە روو کـە منـاڵ لـە تەمەنێکـی زوو دا پرسـیاریان لـە لا درووسـت ئەبێـت لـە سـەری و بـە دوایـی وەڵامـی دا ئەگەڕێـن.

٩- خاڵێکـی زۆر گرنگیـی ئـەم گۆڤـارە ئەوەیـە کـە، هەمـوو بابەتاکانـی بـە وێنـەی رەنـگا و رەنگـی ئامانجـدار پێشـکەش کـردووە، بـە شـێوەیەک تەواوکـەری ناوەڕۆکیـی بابەتـەکان بێت.

**پێشنیارەکان:**

١- زۆر پێویسـتە کـە وەزارەتیـی پەروەردەیـی هەرێـم ئـەم گۆڤـارە وەکـوو سـەرچاوەیەکی سـەرەکیی لـە قۆناغـی دایانگـەوە؛ تاوەکـوو قۆناغیـی سـەرەتایی لـە پـەروەردە کـردن پشـتی پـێ ببەسـتێت .

٢- گرنگییـدان بـەم جـۆرە گۆڤـارە لـە لایـەن وەزارەتیـی پـەروەردە و رۆشـەنبیریی هەرێـم؛ لـە قۆناغـە سـەرەتاییەکان دا؛ لـە بـری ئـەو کتێـب و بـڵاو کراوانـەی کـە بـە زمانانیی بیانیی هەنـە؛ چونکـە رەچـاوی کۆمەڵـگای کوردیـی زیاتـر تیـادا کـراوە لـە بیانیـەکان کـە زۆرێـك لـە کێشـەکانی زمـان لای منـاڵ چارەسـەر ئـەکات بـەوەی فەرهەنگیـی زمانیـی دایـک لایـان درووسـت ئەبێـت.

٣-ئاشـنا کردنـی مامۆسـتا و پـەروەردە کاران لـە رێـگای خوولـی تایبەتـەوە بـە نـاوەڕۆک و ئامانجـە پەروەردەییەکانـی ئـەو گۆڤـارە و، دابیـن کردنـی ژمارەکانـی بۆیـان، تاوەکـوو لـە وانەکانـی هونـەر بـە تایبەتـی بـۆ مناڵیـی باخچەیـی سـاوایان و سـەرەتایی

بخوێنرێتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام، چونکە بناغەیەکی پەروەردەیی بەهێزیی هەیە کە بە چەندان بابەتی بە سوودیی تیادایە بۆ منااڵ کە وەاڵمی پرسیارەکەنیانە و مەودای بیر کردنەوەی منااڵ فراوان ئەکرێت بەم شێوەیە.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردیی:**


١- ئەحمەد:نەوزاد عەلی:منداڵ و ئەدەب(لێکۆڵینەوە) :چاپخانەی روون : سلێمانی: ٢٠٠٦.

٢- بابان:د. ئەحمەد عەلی حەمە-نازەنین عوسمان محمەد-نەزیرە ساڵح محمەد: گوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە:چاپخانەی تاران:چاپی یەکەم: سلێمانی: ٢٠١٦.

٣- حەسەن:محەمەد فەریق:بەکلتوور کردنی خوێندنەوە:ناوەندی رۆشنبیری ئەندێشە:چاپخانەی تاران: چاپی چوارەم : سلێمانی: ٢٠١١.

٤-جەباری:د. عومەر یاسین ئیبراهیم، دەروونزانیی پەروەردەیی:چاپخانەی ڕۆژ هەڵات:چاپی یەکەم: هەولێر: ٢٠١٦.

٥- شوان:د. ئیبراهیم ئەحمەد:مەڵۆیی لە ئەدەبی منالّی کورد:چاپخانەی هێڤی: چاپی یەکەم: ٢٠١٨.

٦- عومەر: د. جەعفەر:دایبابی سەرکردە (بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی منداڵ): لەچاپکراوەکانی ناوەندی رێنوێن :چاپی یەکەم: سلێمانی : ٢٠١٩.

٧- فەتاح:نیاز محەمەد:پڕۆسەی پەروەردە لە سەردەمی جیهانگیری تەکنەلۆجیادا: چاپخانەی کاردۆ: چاپی یەکەم :٢٠١٨.

٨- قادر:ڕەمەزان حەمەدەمین:، دەروونزانیی پەروەردە و گەشە:چاپخانەی سایە: چاپی یەکەم: سلێمانی: ٢٠٢٠.

٩- قادر:ڕەمەزان حەمەدەمین:بنەماکانی پەروەردەی سەردەم:چاپخانەی سایە: چاپی یەکەم: سلێمانی: ٢٠٢٠.

١٠- قەرەچەتانی:کەریم شەریف:سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ:چاپخانەی پیرەمێرد: چاپی دووەم: سلێمانی: ٢٠١٥.

١١- قەرەچەتانی:د. کەریم شەریف:سایکۆلۆژیا و پەروەردەی منداڵ:چاپخانەی پەیوەند :سلێمانی:٢٠١١.

١٢- گاربەر:ستیڤن:وەرگێرانی:زریان محموود:ڕەفتار لەگەڵ منداڵ :چاپخانەی ڕێنوێن : سلێمانی : ٢٠٢٠ .


**بە زمانیی عەرەبیی:**


١- ابو سارە:ذیاب:اكتشفي ذكاءات طفلك:مؤسسة الفرسان للنشر والتوزيع:الطبعة الاولى:الاردن:2016.

٢-ابو الرضا:سعيد:النص الادبي للاطفال و أهدافه و مصادره و سماته:منشأة المعارف بالاسكندرية: 1990.

٣- الجهوية: ملحقة سعيدة: تصحيح وتنقيح (عثمان أيت مهدي): المعجم التربوي: المركز الوطني للوثائق التربوية: الجمهورية الجزائرية: 2009.

٤- الطحان:مصطفى محمد:التربية ودورها في تشكيل السلوك:دار المعرفة: الطبعة الاولى:بيروت/لبنان: 2006.

٥- محمد: گونا قادر: مراجعة و تقديم؛د. محمد عزيز زازا: خصائص أغاني الاطفال في كوردستان العراق: مطبعة وزارة الزراعة: اربيل:2006.

٦- محمود:ياسر:التربية الطفل فنون ومهارات:قطر الندى:الطبعة الثانية:مصر: 2009.


**ژمارەکانی گۆڤاریی هەنگ کە بابەتەکانیان لێ وەرگیراوە:**


١- حەسەن، کەمال عەبدوڵڵا، نیگار(مریەم عەبدوڵڵا)، بۆچی گیانلەبەران کلکیان هەیە؟، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٦ تشرینی یەکەم ٢٠٠٨.

٢-ئاگرین، د. عەبدوڵڵا، نیگار (مەجید خدر)، دایە (١)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٤٧ تشرینی دووەم ٢٠٠٨.

٣-خۆشناو، سەدرەدین، گۆرانیی (هەزێنە)، نیگار(دارا محەمەد عەلی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٧ تشرینی دووەم ٢٠٠٨.

٤- ئاگرین، د. عەبدوڵڵا، نیگار(مەجید خدر)، دایە (٢)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٤٨ کانونی دووەم ٢٠٠٩.

٥-خدر، خورشید، نیگار (پەخشان گەلاڵی)، ماچی نووستوو، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٩- ٢٠٠٩.
٦- عەبدوڵڵا، مریەم، نیگار (مریەم عەبدوڵڵا)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٥٠- ٢٠٠٩ .
٧- خۆشناو، سەدرەدین، نیگار (دارا محەمەد عەلی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٩ – ٢٠٠٩.
٨-ڕەحمان، ئاشتی، نیگار(ڕووبار سەلیم گەلاڵی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٥٠- ٢٠٠٩ .
٩-مەئمی، سەلام، نیگار (مەجید خدر)، سامان وپەڕەسێل، کە گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٥٣ – ٢٠٠٩.
١٠-سیامەنسووری، گەلەر، نیگار(هودا وەسفی)، گوڵەکانی باخچەی گشتی، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٥٣ – ٢٠٠٩ .
١١-کۆیی، کازم، نیگار (مریەم عەبدوڵڵا)، فوو، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٣٨ شوبات ٢٠٠٨.
١٢-خۆرانی، هاشم، نیگار (مەجید خدر)، کات دابەشکردن، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٥٤-تەمووز – ٢٠٠٩.
١٣-خەندە، نیگار (مەجید خدر)، چی دەربارەی مانگ دەزانی؟، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٥٦-ئەیلوول– ٢٠٠٩.
١٤- خۆشناو، سەدرەدین، نیگار(دارا محەمەد عەلی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٠ کانوونی دووەم ٢٠١٠.
١٥-سیامەنسووری، گولەر، نیگار(وەسفی ئەلفەزلی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٠ کانوونی دووەم ٢٠١٠.
١٦-سەباح، ژاڵە، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٢ ئادار ٢٠١٠.
١٧- عەبدوڵڵا زادە، ئاسوودە، نیگار (چۆمان نەجمەدین)، بەهار، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٢ ئادار ٢٠١٠.
١٨- خۆشناو، سەدرەدین، نیگار (دارا محەمەد عەلی)، گۆرانی هۆ گاوان، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٢ ئادار ٢٠١٠.
١٩-ڕەشید، جەلیل حەمەسەعید، نیگار (مریەم عەبدوڵڵا)، پرس وگوێگرتن کارێکی چا، کەگۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٠-فەرهادی، حەمە سەعید، منداڵ وددان، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣نیسانی ٢٠١٠.
٢١- سۆران، نیگار (ڕووبار سەلیم گەلاڵی)، یادەوەری پەنجا ساڵی، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٢-جەڕاح، سابیر عبدوڵڵا، نیگار (پەخشان گەلاڵی)، ڕاستگۆ، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٣٨ شوبات ٢٠٠٨.
٢٣- بڵند، نیگار(پەخشان گەلاڵی)، باپیرە زۆر پەشیمانە، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٤- س. ف، نیگار(دڵشاد عەلی)، فڵچە و کرێم بوون بە برا، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٥-حەمدان، د. مەریوان حەمید، گرنگیدان بە تەندرووستی دەم و ددان، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٦-فەرهادی، حەمە ساڵح، نیگار(بەمۆ)، ددانەکانی سازگار، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٧-س. ، فەیزی، نیگار(پەخشان گەلاڵی)، فڵچە نوێیەکە چی کرد؟، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٣ نیسانی ٢٠١٠.
٢٨- ڕەفعەت، نەوزاد، خاکەڕایی مەزنێک، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٤ مایس ٢٠١٠.
٢٩-میرەکانی، ڕەمزی، نیگار (گرفتار کاکەیی)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٤ مایس ٢٠١٠.
٣٠-سەردار، لاڤە ڕزگار، وێنە(ئامەد)، ژیانی ورچ، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٦٤ مایس ٢٠١٠.
٣١-بەختەوەر، عەلی، نیگار (مەجید خدر)، فرمێسکە شیرینەکانی ئاسمان، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٣٩ ئادار ٢٠٠٨.
٣٢-عەلی، سروە مستەفا، نیگار (پەخشان گەلاڵی)، سۆزی هاوڕێیەتی، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٣٩ ئادار ٢٠٠٨.
٣٣-سەعید، تاهیر ساڵح، نیگار (مریەم عەبدوڵڵا)، کەروێشکە پیرە، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٠ نیسان ٢٠٠٨ .
٣٤- حەسەن، کەمال عەبدوڵڵا، دوو بۆق، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٠ نیسان ٢٠٠٨.
٣٥-شەریف، نادیە، نیگار(هەژار سەلاح)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٤٠ نیسان ٢٠٠٨.
٣٦-سیامەنسووری، گولەر، نیگار(بەنان شکۆ)، گۆڤاری هەنگ، ژمارە:١٤٠ نیسان ٢٠٠٨.
٣٧-چرا، هەڵەبجە، گۆڤاری هەنگ، ژمارە: ١٤٠ نیسان ٢٠٠٨.

## البنية التربوية في المجلة هنك (2008- 2010)

**الملخص:**

تعد التربية أحد أهم المبادئ في حياة الإنسان، بحيث يصبح البنية الاساسية الشخصية للفرد في المجتمع، حيث ان العملية التربوية أو كيفية تربية الاجيال هي أكبر مشكله في عصرنا الحاضر، وخاصة عند الدول التي ليس لها أي نصيب في الانتاج التكنولوجي، بحيث مع مرور الوقت والعولمة التي نتعايشها في العالم اليوم سيتلاشى هويتهم الوطنية من حيث ثقافتهم ولغتهم وآدابهم وأسلوب حياتهم المتوارثة.

تكمن أهمية هذه الدراسة في بيان المبادئ التربوية التي تضمنتها المجلة خلال سنوات صدورها الثلاث (٢٠٠٨-٢٠١٠)، وانطلاقاً من المنهج النظري التحليلي، ينقسم البحث إلى ثلاثة الفصول. الفصل الاول يتناول اهم أسس التربوية من الناحية النظرية، أما الفصل الثاني وهو جانب العملي للبنية التربية حيث يناقش تحليل لغة كتابة الموضوعات في هذه المجلة بشكل العام، ومفاهيم أخلاقية واداب والسلوكيات التي يجب ان يكتسبها الطفل ويتعلمها في الحياة. اما الفصل الثالث التي يشمل جانب العملي فيناقش الموضوعات الثقافية التربوية والعامة التي تقدمها مجلة هنك للأطفال. ونتيجة لذلك يمكننا القول أن هذه المجلة تمكنت من تقديم عدد من الأعمال الأدبية والتربوية الفريدة للأطفال الكرد من جميع نواحي الحياة. لذلك يجب على المؤسسات التعليمية الاعتماد عليه والاستفادة منه في تعليم الأطفال في مؤسسات التربوية بشكل العام.

**كلمات المفتاحية:** البنية التربوية، المجلة هنك، التربية السلوكي، التربية اللغوية، التربية التراثية، الثقافة العامة.

## Educational structure in the magazine Hang (2008 – 2010)

**Abstract:**

Education is one of the most important principles in human life, as it becomes the basic personal structure of the individual in society, as the educational process or how to raise generations is the biggest problem in our present age, especially in countries that do not have any share in technological production, so that with the passage of time and the globalization that we live in the world today, their national identity will disappear in terms of their culture, language, literature and inherited lifestyle. The importance of this study lies in stating the educational principles included in the magazine during its three years of publication (2008-2010); and based on the theoretical analytical approach, the research is divided into three chapters. The first chapter deals with the most important educational foundations from a theoretical perspective, while the second chapter is the practical aspect of the educational structure, as it discusses the analysis of the language of writing topics in this magazine in general; and the concepts of morals, literature and behaviors that the child must acquire and learn in life. As for the third chapter, which includes the practical aspect, it discusses the educational and general cultural topics presented by Henk magazine for children. As a result, we can say that this magazine has been able to provide a number of unique literary and educational works for Kurdish children from all walks of life. Therefore, educational institutions should rely on it and benefit from it in teaching children in educational institutions in general.